دێمۆکراسی بۆ ئێران خودموختاری بۆ کوردستان

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٣٠ی بەفرانباری ١٣٨١ ٢٠ی ژانویەی ٢٠٠٣ ژمارە ٣٥٧ ١٥٠ تمەن

## پێکهاتنی کۆبوونەوەی شووراى ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیست

لە کاتێکدا کە خەریکی تەواوکردنی دواکارەکانی ئەم ژمارەیەی "کوردستان" بووین، هەواڵی بەرێوەچوونی کۆبوونەوەی شووراى ئەنتێرناسیونال سوسیالیست لە شاری رۆممان پێ گەیی.

لەم کۆبوونەوەیەدا نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق‌و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیش بەشدار بوون‌و وتاریان پێشکێش کرد. هاورێ خوسرەو عەبدوڵڵاهی، نوێنەری حیزبی دێموکرات رۆژی ٢٠ی ژانویە وتارێکی لەو کۆبوونەوەیەدا پێشکێش کرد. دەقی ئەم وتارە هەر لەم ژمارەیەی "کوردستان" (لاپەری ٣)دا بڵاو بۆتەوە.

راپۆرتی تێروتەسەل لەبارەی بەرێوەچوونی ئەم کۆبوونەوەیەو باسەکانی، لە ژمارەی داهاتوودا بڵاو دەکەینەوە.

"کوردستان"



پێشەوای نەمر قازی محەممەد سەرکۆماری کوردستان

### بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزب

## بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**

**کۆمەڵانی خەباتگێری خەڵکی کوردستان!**

٢ی ڕێبەندانی ئەم ساڵ (١٣٨١ی هەتاوی) پەنجاو حەوت ساڵ بە سەر دامەزرانی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوای نەمر قازی موحەممەدو بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا تێدەپەڕێ. بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە تێکڕای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌و ئازادیخوازانی ئێران دەکەین، ڕێز لە یادو بیرەوەرییەکانی ئەم ڕووداوە گرنگەی مێژووی نەتەوەکەمان دەگرین‌و سەرکەوتنی خەباتی گەلی کورد لە پێناوی وەدەست هێنانەوەی ئاوات‌و ئامانجە بەرزو پیرۆزەکانی ٢ی ڕێبەندان‌و کۆمارە ساواکەی کوردستاندا بە ئاوات دەخوازین.

٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە مێژووی نەتەوەی کورد بەگشتی‌و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بەتایبەتی‌دا ڕووداوێکی گرنگی سیاسی‌و مێژووییە. چونکە لەم ڕۆژەدا گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە پاشەکشە کردن بە دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی ڕێژیمی پاشایەتی‌و کەڵك وەرگرتن لە هەلومەرجی سەردەم توانی لە بەشێکی ئەم پارچەیە لە کوردستان حکوومەتێکی میللی‌و کۆماری دابمەزرێنێ‌و بەشێکی بەرچاو لە ویست‌و داخوازە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی گەلی کورد لەم بەشە لە کوردستانی ئێراندا وەدی بێنێ.

بە دامەزرانی کۆماری کوردستان گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ یەکەم جار لە مێژووی تازەی گەلی کورددا بوو بە خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی، دەسەڵاتێکی سیاسی کە هەم هەڵگری بیرو بۆچوونی پێشکەوتنخوازانە بووو هەم ڕێژیمی پاشایەتیی ڕەد دەکردەوە. ئاسایی بوو ئەگەر دەسەڵاتێکی گەلیی وەها کە دابینکەری مافی نەتەوایەتیی کورد لە ئێران، نوێنگەی ویست‌و داخوازی‌یەکان‌و بەرهەمی خەباتی خەڵکی کوردستان‌و هەڵگری ئاڵای دێموکراسی بۆ ئێران بوو لەگەڵ ویستی دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئێران‌و پشتیوانە دەرەکی‌یەکانی‌دا لە ناتەبایی دابێ. هەر بۆیە بەداخەوە زۆر زوو کەوتە بەر هێرشی نیزامی‌و پیلانە ناوچەیی‌و نێونەتەوەیی‌یەکان‌و پاش ١١ مانگ کۆتایی بە تەمەنی کورت بەڵام پڕ بەرهەمی هێنراو جارێکی دیکە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەگەڵ بێبەشی‌و پێشێل کرانی ماف‌و ئازادی‌یەکانی بەرەوڕوو کرایەوە.

٢

### لاوێکی دیکەی کورد لە سنە بە ئێعدام مەحکووم کرا

بێدادگای شۆڕشی ئیسلامیی سنە لاوێکی کوردی بە ئیعدام‌و دوو لاوی دیکەی بە ١٠ ساڵ زیندان مەحکووم کرد. لقی یەکی بەناو "دادگای شۆڕشی ئیسلامیی سنە" لە بڕیاری ڕۆژی ٥ی بەفرانباری خۆی‌دا: "ساسانی ئالی کەنعان" کوڕی محەممەدی بە ئێعدام‌و عوسمانی مرادی کوڕی سەددیق‌و عەدنانی قادری کوڕی هەباسی بە ١٠ ساڵ زیندان مەحکووم کرد. ئەو سێ کەسە بە دژایەتی لەگەڵ ئەمنییەتی وڵات لە ڕێگای هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی کۆمەڵەوە تاوانبار کرابوون.

پێویستە بگوترێ ١٠ ڕۆژ پێش ئەو بڕیارەی بێدادگای سنە، تێکۆشەرێکی دیکەی کورد بەناوی"حەبیبوڵڵا تەنهائیان" کە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، پاش چوار ڕۆژ ئازارو ئەشکەنجە دران لەلایەن دەزگای ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی‌یەوە گیانی لێ ستێنرا.

مەحکووم کردنی لاوانی کورد بە ئیعدام‌و کوشتنی ئەوان بە تاوانی ئازادیخوازی‌و تێکۆشانی سیاسی لە کاتێك دایە کە لە چەند حەوتووی ڕابردوودا دەیان کەس بە تاوانی فەسادو دزیی چەکدارانەو جینایەت‌و کڕین‌و فرۆشتنی مەواددی موخەددیر، لە دار دراون‌و هەڵواسراون. ڕێژیم بەم چەشنە دەیەوێ نیشان بدا ئەوانەش کە لە کوردستان ئیعدام دەکرێن جینایەتکارو تاوانباری کۆمەڵایەتین نەك تێکۆشەری سیاسی.

**جارێکی دیکە سەرنجی کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان‌و بیروڕای گشتیی جیهان بۆ لای جینایەتەکانی ڕێژیمی ئینسانکوژی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان ڕادەکێشین‌و داواکارین بە فشار هێنان بۆ سەر ئەو ڕێژیمە دژی ئینسانی‌یە، نەهێڵن چی‌دیکە لاوانی کورد بە تاوانی داوا کردنی ماف‌و ئازادی‌یەکانی گەلەکەیان ئیعدام بکرێن.**

### دەفتەری سیاسیی حیزب پێشوازیی لە وەفدێکی حیزبی شیوعیی کوردستان کرد

سەعات ١١ی پێش‌نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی ١٣٨١/١٠/٢٢ی هەتاوی هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی شیوعیی کوردستانی عێراق بە سەرپەرستیی هاوڕێ کەریم ئەحمەد سکرتێری گشتیی حیزبی شیوعیی کوردستانی عێراق‌و پێکهاتوو لە بەڕێزان: کەماڵ زەهاوی، دیلمان ئامێدی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، مام قادر ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و محەممەد شێخانی کادری پێوەندی‌یەکانی ناوەندیی ئەو حیزبە، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد.

هەیئەتی میوان لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی بەڕێز ماموستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و پێکهاتوو لە هاوڕێیانی بەڕێز حەسەن ڕەستگار، حەسەن شەرەفی، حوسێن مەددەنی‌و مستەفا مەولوودی ئەندامانی دەفتەری سیاسی، جەلیل گادانی، چەکۆ ڕەحیمی، کەماڵ کەریمی‌و عوسمان ڕەحیمی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بە گەرمی پێشوازییان لێ‌کرا.



### لەم ژمارەیەدا

نیگەرانیی وەزیری ئیتلاعات! ٢

"کوردەکان بە شوێن چارەسەرێکەوە" ٤

ئامانجە کۆن‌و ناسراوەکانی سیناریۆیەکی تازە ٥

بەیاننامەی "یەکیەتیی کردەوە بۆ دێمۆکراسی" سەبارەت بە هەڵبژاردنی شووڕاکانی شارو دێ ٩

ڕاگرتنی سزای بەردبارانی ژنان لەلایەن ڕێژیمەوە تاکتیکە نەك باوەڕ ١٠

کوردستان‌و بزووتنەوەی ئیعتڕازی ١١

### هەنگاوێکی دیکە لە دژی ماف و بەرژەوەندی‌یەکانی کرێکاران

وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتیی کۆماری ئیسلامی ڕای‌گەیاند بە گوێرەی تازەترین گۆڕانکاری‌یەکان لە قانوونی کار دا، ئەو کارگایانەی کەمتر لە ١٠ کرێکاریان هەیە، لە ژێر چەتری قانوونی کار دەچنەدەر. بەقسەی"سەفدەر حوسێنی" لەگەڵ بەڕێوەچوونی ئەو یاسا تازەیەدا، ٤٠٢ هەزار یەکەی کاری کە تا ئێستا لەژێر چەتری قانوونی کار دابوون، سێبەری قانوونی کاریان لەسەر لادەچێ.

پێویستە بگوترێ مەجلیسی پێنجەمیش لە دوا مانگەکانی تەمەنی خۆی دا بڕیارێکی پەسند کرد کە بەگوێرەی ئەو بڕیارە هەر کارگایەکی کەمتر لە٥ کرێکاری هەبێ، قانوونی کار نایگرێتەوە. لە ئاکامی ئەو بڕیارەی ئەو کاتیش دا هەزاران یەکەی کاری، لەژێر چەتری قانوونی کار لاچوون.

بەم جۆرە ئەو کارگایانەی لەژێر چەتری قانوونی کار لادەچن، دەستیان لە دەرکردن‌و وەدەرنانی کرێکاران‌و خۆبواردن لەو بەشە لە مافەکانیان کە لە قانوونی کاردا هاتوون، ئاوەڵا دەکرێ.

"سادقی" سەرۆکی کانوونی بەرزی شووڕاکانی کار ڕۆژی هەینی٢٠ی بەفرانبار لەم پێوەندی‌یەدا ڕای‌گەیاند لە ماوەی لە سەرکاربوونی دەوڵەتی خاتەمی دا شاهیدی پتربوونی نائەمنی‌و نیگەرانی بۆ کرێکاران، لێدان‌و کوتانی ئەوان‌و زیندانی کردنی٤٧٠ کەس لە نوێنەرانی کرێکاران، وەدەرنانی١٢٢ هەزارکەس لە هێزی‌کارو نەدرانی هەقدەستی کرێکارانی ٢١٥ یەکەی بەرهەمهێنان‌و خراپیی وەزعی خواردنی نزیکەی سەد هەزار بنەماڵەی کرێکار بووین. ناوبراو مانگرتنی بەمافی ڕەوای کرێکاران زانی‌و داواکار بوو دەوڵەت ئەو مافە بەڕەسمی بناسێ.

<u>سەرچاوە: سایتی ئینترنێتیی"ایران خبر"</u>

### ئەمریکا ١٥٠هەزارکەس لە هێزەکانی خۆی لە ناوچەی کەنداوی فارس جێگیر دەکا





ڕۆژ نیە هەواڵدەرییەکان هەواڵی وەرێکەوتنی ژمارەیەکی تازە لە هێزە نیزامی‌یەکانی ئەمریکا بەرەو ناوچەی کەنداوی فارس بڵاونەکەنەوە. بی.بی.سی ڕۆژی٢٣ی بەفرانبار لە زمانی سەرچاوەیەکی پایەبەرز لە پێنتاگۆن ڕای‌گەیاند وەزیری بەرگریی ئەمریکا فەرمانی ناردنی ٢٧هەزار کەسی دیکە لە هێزە نیزامی‌یەکانی ئەو وڵاتەی بۆ کەنداوی فارس دەرکردوە تا بەو ٣٥هەزارکەسە پەیوەست بن کە ڕۆژی هەینی١٠ی ژانویە، فەرمانی بەرێ‌کردنیان بۆ ئەو ناوچەیە، ڕاگەیەندراوە.

بە پێی ڕاپۆرتەکە هەتا کۆتایی مانگی فێوریە سەرجەمی هێزە نیزامی‌یەکانی ئەمریکا لە ناوچەی گشتیی کەنداوی فارس دەبن بە ١٥٠ هەزار کەس. ئەو جموجۆڵە نیزامییانە ئەگەری هێرش‌و دەست وەشاندنی ئەمریکا لە عێراقیان بەهێزتر کردوە.

هاوکات لە گەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە هەواڵانە، سەرچاوەکانی هەواڵ پشت ئەستوور بە ڕاپۆرتێکی نهێنیی پسپۆڕانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئاکام‌و کارەساتەکانی شەڕی ئیحتیمالی لە دژی عێراقیان هێنایە بەر باس. ئەو سەرچاوانە نووسیان پسپۆڕانی UN لە ڕاپۆرتێکی نهێنیی ١٢ لاپەڕی‌دا بەراوردیان کردوە ئەگەر شەڕەکە ڕووبدا ١٠ میلیۆن کەس لە حەشیمەتی عێراق تووشی برسیەتی دەبن، ٣میلیۆن لە حەشیمەتی ٢٣میلیۆنیی عێراق ئاوارە دەبن، لانی‌کەم ٩٠٠هەزارکەس لەو حەشیمەتە پێویستیان بە یارمەتیی مرۆڤدۆستانەو پزیشکی دەبێ. هەر بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتە شەڕێکی ئەوتۆ دەبێتە هۆی کوژران‌و بریندار بوونی نزیکەی ٥٠٠ هەزار عێراقی.

**بەیاننامە:**

# بە بۆنەی ٢ی رێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە

درێژەی لاپەڕی١

رێژیمی پاشایەتی بۆ ئەوەی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ هەمیشە ریشەکێش بکاو بۆ هەتا هەتایە خیالی خۆی لە هاتنە گۆڕی ویستو داخوازە میللی ـ دێموکراتییەکانی ئەو گەلە ئاسودە بکا، پاش لە نێوبردنی کۆماری کوردستانو بە دوای پێکهێنانی دادگایەکی تەشریفاتیو فەرمایشیدا، پێشەوا قازی موحەممەد سەرۆك کۆمارو ژمارەیەك لە بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستانی لە دار دانو ژمارەیەکیش لە کەسایەتییەکانی دامەزرێنەرو بەڕێوەبەری کۆماری کوردستانی زیندانی کردو کۆمەڵە خەڵکێکی بەرچاویشی پەرەوازەی هەندەران کرد. بەڵام بوونی هەستی بەهێزی نەتەوایەتیو ئازادیخوازیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران تەنانەت لە پێش دامەزرانی کۆماری کوردستانیشەوە لە لایەكو ئەو ئازادیو بە ماف گەیشتنە کە گەلی کورد لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بەکردەوە تاقیی کردەوەو چێژی لێ وەرگرت لە لایەکی دیکەوە، بوونە هۆی ئەوە کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران پاش لە نێوچوونی کۆماری کوردستانیش سەرەڕای ئەو فشارو ئازارە کە لە لایەن رێژیمەوە خرابووە سەری، زۆر زوو بۆچوونی رێژیمی شا لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی کورددا پووچەڵ بکاتەوەو راستیو دروستیی قسەکەی پێشەوای کە لەکاتەکانی پێش لە دار درانیدا فەرمووبووی: " ئێوە قازی موحەممەدێك دەکوژن بەڵام هەر لەو کوردستانە دەیانو سەدان قازی موحەممەدی دیکە سەر هەڵدەدەنو خەباتی کورد رەوتی بەرەوپێش چوونی خۆی دەبڕی" بە هەموان بسەلمێنێ.

ئامانجەکانی کۆماری کوردستان ئەوەندە بەرزو پیرۆزو ئینسانیو ئازادیخوازانە بوون کە نەك هەر لە قەدەر زەمانو سەردەمی خۆیان پێشکەوتنخوازانە بوون بەڵکوو بەپێی پێوانەکانی دنیای پێشکەوتووی ئێستاش گرنگیو بایەخی خۆیان پاراستوە. هەربۆیەش کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ماوەی ٥٦ ساڵی دوای لە نێوچوونی کۆماری کوردستاندا بەردەوام بۆ وەدەست هێنانەوەیان تێکۆشاونو هیچ کات دەستیان لە خەباتو تێکۆشان هەڵ نەگرتوە. لە پێناوی گەیشتن بەو ئامانجانەدا بە هەزاران تێکۆشەری کوردو ژمارەیەکی بەرچاو لە رێبەرانی بزووتنەوەی کوردیش گیانیان بەخت کرد تا سەرئەنجام خەباتی خەڵکی کوردستان بە هاودەنگیو هاوهەنگاوی لەگەڵ بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران لە بڕگەیەکی مێژوویی‌دا کۆتایی بە تەمەنی ٢٥٠٠ ساڵەی رێژیمی پاشایەتی هێنا. هەر چەند رووخانی رێژیمی پاشایەتی لە ئێران ئاکامی ویستو داخوازو ئیرادەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران بوو، بەڵام بەداخەوە بەرهەمو دەسکەوتەکانی راپەڕینی بەشکۆی گەلانی ئێران لە رێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا بەخێرایی لە لایەن تاقمێك ئاخوندی هەڵپەرستەوە بە تاڵان بران.

هەربۆیەش هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هیچ جۆر نەیتوانی لەگەڵ دروشمو ویستو ئاواتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران یەك بگرێتەوە. ئاخوندە بە دەسەڵات گەیشتووەکان بە کەڵکی خراپ وەرگرتن لە هەستی ئایینیو مەزهەبیی خەڵکی ئێرانو زیاتر لەوەش بەکەڵك وەرگرتن لە نەبوونی یەکگرتوویی پێویست لە نێو هێزە پێشکەوتنخوازو دێموکراتەکانی وڵاتدا ئەو هەلەیان بۆ رەخسا تا بناغەی رێژیمێك لە وڵاتدا دابمەزرێنن کە هەر لە سەرەتاوە دیار بوو نەك هەر ناتوانێ وەدیهێنەری ویستو ئاواتەکانی خەڵكو دابینکەری ئازادیو عەدالەتی کۆمەڵایەتی بێ، بەڵکوو لەگەڵ رووحی سەردەمو هەر دیاردەیەکی شارستانی لە ناتەبایی دایە.

لە رەوتی سەرکوتو هێرش بۆ سەر ئازادییەکاندا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو گەلی ئازادیخوازی کورد یەکەمینو بەرچاوترین هەدەفی کۆماری ئیسلامی بوون. رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو لە پێوەندی لەگەڵ ویستو داخوازو ئیرادەی خەڵکی ئازادیخوازی ئێرانو مەسەلەی نەتەوایەتی لە وڵاتدا دەرسی لە چارەنووسو ئاکامی دەسەڵاتدارەتیی رێژیمی پێشوو وەرنەگرتو زۆر توندترو بێبەزەییانەتر کەوتە سەرکوتی ئازادیخوازانو پێشێل کردنی مافو ئازادییەکانی گەلانی ئێرانو بەتایبەت گەلی کورد. لە سەر بناغەی ئەو بۆچوونە دواکەوتووانەو دژی ئازادییانە بوو کە شەپۆلێکی بەرین لە پڕوپاگەندەی ژاراوی لە هەموو بڵیندگۆ تەبلیغاتییەکانی رێژیمەوە دژی گەلی کوردو ویستو داخوازە رەواکانیو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەڕێ خراو بە دوای دەرچوونی فتوای جیهاد لە دژی خەڵکی کوردستاندا هێرشو پەلاماری نیزامییش بۆ سەر کوردستانو گەلی کورد دەستی پێکرد، هێرشێك کە لە ماوەی ٢٤ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا لە شکڵو شێوەی جۆراوجۆردا هەر بەردەوام بووە.

لەبەرانبەر وەزعێکی وەهاو هێرشو پەلامارێکی وا بەربڵاوو سەرکوتکەرانەدا، گەلی کورد بێجگە لە دیفاعو خۆراگریو بەربەرکانی لەگەڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆنەپەرستیدا رێگایەکی دیکەی بۆ نەمایەوە. ئەو خۆراگرییە هەر چەند لە سەر گەلی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە خوێنی هەزاران تێکۆشەر کەوتوە، بەڵام هەم شانازی خولقێن بووەو هەم بۆتە هۆی سەربڵێندیو سەرفرازیی گەلی کورد لە رەوتی خەباتی سەرانسەریی گەلانی ئێران دژی دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیە دا.

کارنامەی رەشی کۆماری ئیسلامیو ئەو بیزارییەی کە لە نێوخۆی وڵاتو لە بیروڕای گشتیی دەرەوەشدا بەرانبەر بەو رێژیمە هاتە ئاراوە، سەرئەنجام بوو بە هۆی ئەوە کە بەشێك لەو کەسانەش کە لە شکڵ گرتنو درێژەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دەستیان هەبووو، وەك مۆرەیەکی ئەو رێژیمە بۆ چارەنووسی کۆماری ئیسلامی بە پەرۆش بوون، بێنە سەر ئەو باوەڕە کە ئەم رێژیمە بەم وەزعەوە کە هەیەتی ناتوانێ درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بداو پێویستە جۆرێك ئاڵوگۆڕ لە خۆیدا پێك بێنێ کە ئاکامی ئەو بۆچوونە قۆڵی ناسراو بە ئیسلاح تەڵەبی نێو دەسەڵاتدارەتیی لێ کەوتەوە. ئەو قۆڵەی رێژیم بۆ ماوەی چەند ساڵ گومانی ئیمکانی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی موسبەت لە کۆماری ئیسلامییاندا بڵاو کردەوەو لەو پێوەندییەدا تەنانەت هێندێ هێزو رێکخراوو کەسایەتیی دەرەوەی دەسەڵاتیشیان تووشی گومان کردبوو. بەو حاڵەش قۆڵی دەسەڵات بەدەست نەك هەر رێگای هیچ جۆرە هەنگاونانێکی بەو قۆڵە نەدا بەڵکوو لە ژێر فشارو زیندانی کردنی مۆرەکانیدا رۆژ بە رۆژ زیاتر ناچار بە پاشەکشەی کردن، بە جۆرێك کە دەتوانین بڵێین ئەمساڵ ساڵی بە بونبەست گەیشتنی نیهایی ئەو رەوتەو ساڵی ناهومێد بوونی ئەو قۆڵەو لە ئاکامدا ساڵی رەوینەوەی ئەو گومانە لە بەشێکی بەرچاو لە هێزو کەسایەتییەکانو تەنانەت بەشێك لە مۆرە ناسراوەکانی قۆڵی ناسراو بە ئیسلاح تەڵەبیشدا بوو.

فشار بۆ سەر قۆڵی ناسراو بە ئیسلاح تەڵەب سەرئەنجام وێرای بێئیعتیبار کردنی ئەفرادی ئەو قۆڵە، ئەوانی لە سەر دووڕێیانەیەکی هەڵبژاردنیش دانا، کە یان دەبێ بەرەو قۆڵی دەسەڵاتداری رێژیم بگەڕێنەوە، یان بە بەزاندنی ئەو خەتە سوورانە کە رێژیم دیاریی کردوون حیسابی خۆی لەگەڵ قۆڵی رەقیب بە تەواوی یەك لا بکا. تا ئێستا وا دێتە بەرچاو کە قۆڵی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی توانیبێتی ژمارەیەك لە مۆرە ناسراوەکانی قۆڵی ناسراو بە ئیسلاح تەڵەبو یەك لە وان شەخسی خاتەمی بە هاسانی لەگەڵ خۆی هاودەنگ بکاو ژمارەیەکیشی بە گرتن، زیندانی کردنو فشار هێنان ناچار بە بێدەنگیو تەنانەت جۆرە پەشیمان نامە نووسینێك کردبێ.

ئەگەر یەك ساڵی رابردوو بۆ قۆڵی گومان خولقێنی ناسراو بە ئیسلاح تەڵەب ساڵی بە بونبەست گەیشتنو ناهومێد بوون بوو، بۆ بزووتنەوەی سەرانسەریی خەڵکی ئێران ساڵی هیواداریی زیاترو ساڵێکی پڕ دەسکەوت بوو. چونکە لە ماوەی یەك ساڵی رابردوودا نەفسی ڕەوینەوەی گومانی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی موسبەت لە رێژیمدا دەسکەوتێك بوو بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران. بێجگە لەوە لە یەك ساڵی رابردوودا بووژانەوەی بزووتنەوەی خوێندکاریو پەرەگرتنی حەرەکەتە ئێعتیرازییەکانی خەڵك لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵاتدا دەسکەوتێکی دیکەی خەبات بە دژی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بوو. بەتایبەت کە ئەودروشمو داخوازییانەی لەو حەرەکەتە ئێعتیرازییانەدا هاتنە گۆڕێ لە چوارچێوەی یاسا پڕ کەموکووڕیو کۆنەپەرستانەکەی رێژیمدا بەرتەسك نەببوون، بەڵکوو راست "ولی فقیه"و دەسەڵاتە بێ سنوورەکەی و بەگشتی کۆماری ئیسلامییان لە تەواویەتی خۆیدا کردبوو بە هەدەف.

ڕەوینەوەی گومانی ئیمکانی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی موسبەت لە کۆماری ئیسلامیدا نەتەنیا بەشی هەرە زۆری خەڵکی ئێران بەڵکوو بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی رۆژئاواشی گرتۆتەوە، ئەوانەی کە لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی ئەو رێژیمەدا هەمیشە بە دوای بیانوویەك بۆ درێژەدان بە پێوەندییەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا گەڕاون.

گومان لەوەدا نیە کە هەر بەو پێیە کە بەربەرەکانیی خەڵك لەگەڵ رێژیمو خەبات بۆ ئازادیو مافە ئینسانییەکانیان پەرە دەگرێ، سەرکوتو فشاری رێژیمیش بۆ سەر ئازادیخوازانی وڵاتو لە سەرووی هەمووانەوە گەلی ئازادیخوازی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زیاترو توندتر دەبێ بەتایبەت کە کۆماری ئیسلامی وەزعو هەلومەرجی ئێستای ناوچەو ئەو ئیحتیمالاتە کە چاوەڕوان دەکرێ لە ناوچەدا پێك بێ، دەکاتە بیانوویەك بۆ درێژەدان بە سەرکوتو فشار بۆ سەر خەڵك. بەڵام ئەگەر سەرکوتو فشار بیان توانیبا چارەنووسسازو شوێندانەر بن نەدەبوو رێژیمی پاشایەتی بڕووخێ.

بەخۆشییەوە دەتوانین بڵێین کە گەلانی ئێران ئێستا زۆر زیاتر دەتوانن بە داهاتووی خۆیانو سەرکەوتنی خەباتەکەیان هیوادار بنو گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانیش پتر بە وەدەست هێنانەوەی دەسکەوتەکانی ٢ی رێبەندانو کۆمارە ساواکەی کوردستانو بە وەدیهاتنی ئامانجەکانی ئومێدەوار بن.

**بەڕێز بێ یادو بیرەوەریی ٢ی رێبەندانی ١٣٢٤و کۆماری کوردستان**

**سەرکەوێ خەباتی سەرانسەریی گەلانی ئێران بە سەر دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیە دا**

**سەر بەرزی بۆ حیزبی دێموکرات دامەزرێنەری کۆماری کوردستانو رێبەری بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران**

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**١٣٨١/١٠/٢٦ی هەتاوی**

**٢٠٠٣/١/١٦ی زایینی**

## نیگەرانیی وەزیری ئیتلاعات!

وەزیری ئیتلاعاتی ریژیمی کوماری ئیسلامیی ئیران لە ئاماژە کردنیك بو ئەگەری رووداني شەری ئەمریکا دژی عیراقو پیك هاتنی وەزعیكو هەلومەرجیك کە ئەو بە مەترسیدار بو ناوچە ناوی برد، ویرای ئەوەیەکگرتوویی میللی لە ئیراندا بە شتیکی پیویستو گرینگ زانی، نیگەرانیی خوی لە مەسەلەی گەلانی ئیرانو بە قەولی خوی بوونی جیاوازیە قەومییەکان لە ئیراندا دەربری. ناوبراو ئەوەی خستە بەرچاو کە گویا دەستیك لە ئارادایە تا شەری قەومیو مەزهەبی لە ئیراندا وەری بخریو لەو پیوەندییەدا وەزارتی ئیتلاعات توانیویەتی لە ماوەی یەك سالی رابردوودا بەشیکی بەرچاوی "پیلانەکانی دوژمن" پووچەل بکاتەوەو هەر ئیستاش لەو بارەوە لەگەل ولاتانی ناوچە خەریکی راویژ کردنو هاوکاری کردنن.

عەلی یوونسی، وەزیری ئیتلاعاتی ریژیم لە پیوەندی لەگەل قسەکانی خویو ئەو مەسەلەیەی کەوا بە گرینگو مەترسیدار ناوی برد، روونکردنەوەیەکی زیاتری نەدا. بو وینە رایئەگەیاند کە ئالوگوری ناوچەو ئەو مەترسییانەی کە لە ئاکامی رووداني شەری ئەمریکا دژی عیراق روو لە ئیران دەکەن کامانەنو شیوەی رووبەروو بوونەوە لەگەل ئەم مەترسییانە دەبی چون بی؟ لەوە زیاتر لە ئاماژە کردن بە بوونی پیلانی "دوژمنان" باسیکی لەوە نەکرد کە ئەو دوژمنانە کامانەنو جوری پیلانەکانیان چ بوونو دەزگای ژیر ئیدارەو چاوەدیریی ناوبراو چونو بە چ شیوەیەکو لە کام یەك لە ناوچەکانی ئیراندا ئەو پیلانانەیان پووچەل کردوتەوە.

نارووني و بی بناغەیی قسەکانی وەزیری ئیتلاعات کە لە نیوەراستی مانگی بەفرانبارو لە سیهەمین کوبوونەوەی وەرزیی " خانە احزاب" (مالی ئەحزاب)دا کردنی، بە ئاشکرا بو هەموو لایەك روون بوو، ئەو جورە قسانە هەر قسەنو دەکرین بی ئەوەی بو ئیسپاتو سەلماندنیان پشت بە هیچ بەلگەو سەنەدیك ببەستری.

دیارە گومان لەوەدا نیە کە لە هەر ولاتیكدا گەلانی ئەو ولاتە یەکگرتووترو یەکپارچەتر بنو خەلکەکە بە تەباییو بە بی جیاوازی بە یەکەوە بژینو بە هەمووان خاوەن دەسەلاتیکی ناوەندیی ئەوتو بن کە مافو ئازادییەکانیان دابین بکا، ئەو ولاتەو ئەو گەلانە باشتر دەتوانن لە بەرانبەر رووداوو مەترسییەکاندا خوراگری بکەن. بەلام گومان لەوەشدا نیە کە تەباییو یەکپارچەیی میللی تەنیا بە قسەو داواکاریی کاربەدستانی ریژیمیك پیك نایە کە خویان ماکو سەرچاوەی جیاوازیدانانو پیشیل کردنی مافو ئازادییەکانی خەلکی ئیراننو لە گەل ئەوەی دان بە جیاوازیی قەومیو مەزهەبی لە ولاتدا دەنین، چووکترین هەنگاو بو دابین کردنی مافە نەتەوایەتیو ئایینیو مەزهەبییەکان هەلناهیننەوە. نەك هەر ئەوە بەلکوو هەر داواکارییەکی گەلانی ئیرانیش تەنانەت ئەگەر چووکو سەرەتاییش بن بە دەنگی دژایەتیو دنەدانی دوژمنانو پیلانی ئەم لاوئەولا لە قەلەم دەدەن بیگومان ئەوەش کە وەزیری ئیتلاعاتی ریژیم وەك "پیلانی دوژمنان" ناوی برد هەر شتیکی لەو بابەتەیەوبەس. ئەگینا بو ناوی "دوژمنان" ناباو بو پیلانەکانیان لە ناو نابا. بو بە روونی باس لەو هەنگاوەی دەزگای ئیتلاعات ناکا کە گویا بو پووچەل کردنەوەی پیلانەکانی دوژمنان ناویەتی.

مەبەستی وەزیری ئیتلاعات لە یەکپارچەییو یەکیەتی میللی لە ئیراندا تەنیاو تەنیا وەلانانی رەخنەو ئیعترازو بەربەرەکانیی خەلك لە گەل ریژیمی کوماری ئیسلامیی ئیرانو واز هینانیان لە مافو ئازادییەکانی خویانو توانەوەی گەلانو بە قەولی خوی ئەقوامە جیاجیاکانی ئیران لە نیو گەلیكو قەومیکی تایبەتیداو هاوریبوون لەگەل سیاسەتەکانی ریژیمە، گەلانیك کە بەردەوام لە لایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی ریژیمو لە سەرووی ئەوانیشەوە دەزگای ئیتلاعات سەرکوت کراون، پیلانیان لە دژی داریژراوە، ئەو راویژو هاوکارییانەش کە وەزیری ئیتلاعات لەگەل ولاتانی ناوچە باسی لیدەکا، نموونەیەکی دیکەو دریژەی ئەو پیلانگیرییانەیە کە دژ بە خەلکی ولاتو گەلانی ئیران بەریوە دەچن. تو بلیی وەزیری ئیتلاعات لەو هەموو دوژمنکارییەو پیلانگیرییەی دەزگاکەی خوی کە بە دژی خەلکی ولاتو بە تایبەت بە دژی ئازادیخوازانو گەلانی ئازادیخوازی ولات ئەنجامی داوە، بێ ئاگابێ؟ ئەگەر ناوبراو لە روانگەی خەلكو ئازادیخوازانو گەلانی ئازادیخوازی ئیرانەوە بو چرکەیەك سەیر دەزگای ئیتلاعات بکا، دەبینێ گەلانی ئیران پیلانگیرتر لەو دەزگایەیان پی شك نایەو دوژمنیکی جینایەتکارتر لە کوماری ئیسلامی بەرانبەر بە خویان نابیننو لە دژایەتی لەگەل ئەم ریژیمەشدا تەبا، یەکپارچەو یەکگرتوون.

**بڕووخێ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

# دەقی وتاری هاوڕێ خوسرەو عەبدوڵڵایی

## نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

## لە کۆبوونەوەی شوورای ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست لە شاری ڕۆمدا

**جەنابی سەرۆك!**

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

لە سەرەتای قسەکانمدا، ئیجازە دەخوازم سڵاوی گەرمی ڕێبەریی حیزبەکەم، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران‌و بە تایبەتی سکرتێری گشتیی حیزب هاوڕێ عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە سەرەڕای ئەوەی زۆری پێ‌خۆش بوو، لەبەرکاروباری حیزبی‌و هەروەها سەبارەت بە هەلومەرجی تایبەتیی ناوچە، نەیتوانی لەم کۆبوونەوەیەدا بەشدار بێ، بە ئێوە بگەیەنم‌و بۆ ئێوە لە بەرەوپێشبردنی کارەکانی ئەم کۆبوونەوەیەدا، سەرکەوتن بە ئاوات بخوازم. بە شانازی دەزانم کە دەتوانم لەم تریبوونەوە سەرنجی ئێوە بۆ لای یەکێك لە گەورەترین کێشەو گیروگرفتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست رابکێشم.

هەرکات باسی کێشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکرێ، بەر لە هەموو شتێك کێشەی فەلەستین‌و ناکۆکی‌یەکانی نێوان ئیسرائیل‌و وڵاتانی عەرەبی وەبیر خەڵکی جیهان دێنەوە. بۆ ئێمەش وەك هێزێکی سیاسی کە نوێنەرایەتیی بەشێك لە نەتەوەی کورد دەکا، مایەی ئەوپەڕی خۆشحاڵی‌یە کە ئەو کێشەیەو بە تایبەتی کێشەی فەلەستین سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانیی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوەو ناوەندەکانی دەسەڵات لە جیهاندا لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگاچارەسەرێکی دادپەروەرانەو ئاشتیخوازانە بۆ ئەو کێشە لەمێژینەیەدان. ئێمە بە نۆبەی خۆمان هەمیشە پشتیوانیمان لە مافە ڕەواکانی خەڵکی فەلەستین‌و ڕێگاچارەسەری ئاشتیخوازانەی ناکۆکیی عەرەبەکان‌و ئیسرائیل کردوە. هەر لەو کاتەدا پەنا بردن بۆ زۆرو کردەوەی تیرۆریستی‌و هێرش بۆ سەر خەڵکی غەیرە نیزامی لە لایەن هەر دوو لاوە مەحکووم کردوەو ئێستا لێرە لەم شوێنە بەرزو گرنگەوە جارێکی دیکە لەسەر هەڵوێستەکانمان پێ‌دادەگرینەوە.

بەڵام نابێ لەبیرمان بچێ کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و لە نێو کێشە قەومی‌و ئایینی‌و ئابووری‌یەکاندا کێشەیەکی دیکەش هەیە کە لە هەر ڕوانگەیەکەوە سەیری بکەین، گرنگی‌یەکەی لە کێشەی فەلەستین کەمتر نیەو شایانی ئەوەیە زۆر زیاتر لەوەی تا ئێستا بووە، لە لایەن جیهانەوە بایەخی پێ‌بدرێ. ئەو کێشەیە، کێشەی میللەتی چەندین میلیۆنیی کوردە کە نیشتمانەکەی لە نێوان چوار وڵاتی ناوچە: تورکیە، ئێران، عێراق‌و سووریەدا دابەش کراوە.

سەرەڕای هێندێك پێشکەوتنی کاتی‌و بەرتەسك کە جار جار لە یەکێك لە بەشە جیاوازەکانی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ ماف‌و ئازادی‌یەکانی خەڵکی کوردستاندا، بەدی هاتوون، ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کە جگە لە عێراق لە هیچ کام لەو وڵاتانەدا کە کوردەکانیان لێ‌دەژین نە دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکان، مافە نەتەوایەتی‌یەکانی ئەوانیان بە ڕەسمی ناسیون‌و نە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە شێوەیەکی کاریگەر لە بەرامبەر سەرکوتی خەڵکی کوردستاندا، هەڵوێستی گرتوە. لە ئاکامدا کوردەکان سەرەڕای خەباتی شێلگیرانەو درێژخایەنیان‌و ئەو هەموو خەسارە گیانی‌و ماڵی‌یەی لەو پێوەندی‌یەدا داویانە، هێشتا لە مافە بنەڕەتی‌و ئینسانی‌یەکانی خۆیان بێ‌بەشن.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە چاوی ڕێزەوە دەڕوانێتە پشتیوانی‌یەکانی ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست لە داخوازە ڕەواکانی نەتەوەی کوردو لەو نێوەدا کوردەکانی ئێران‌و، لەم دەرفەتەدا سوپاس‌و پێزانینی خۆی بە نوێنەرانی حیزبە براکان ڕادەگەیەنێ. بەڵام هەر لەو کاتەدا پێمان وایە کە ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست کە نفووزو ئیعتباری، چوارگۆشەی جیهانی داگرتوە، دەتوانێ لەمەش زیاتر یارمەتیی خەباتی حەقخوازانەی گەلی زۆرلێکراوی کورد بکا. ڕاست ٦ ساڵ لەمەوبەر لە کۆبوونەوەی ئەنتێرناسیونا سوسیالیستدا کە هەر لەم شارە، شاری ڕۆم، پێك هات، سکرتێری گشتیی حیزبی ئێمە، هاوڕێ عەبدوڵڵا حەسەنزادە پێشنیاری کرد کە "ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست بۆ پێکهێنانی کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی بە مەبەستی باس‌و بیرورا گۆڕینەوە لە سەر کێشەی کوردەکان کە لەودا هەم نوێنەرانی هەموو بەشەکانی کوردستان‌و هەم نوێنەرانی هەموو دەوڵەتانی زاڵ بەسەر بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا ئامادە بن، تێ‌بکۆشێ".

ئەگەرچی ئەم پێشنیارە لە لایەن کۆبوونەوەی ڕۆمەوە پەسند کرا، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستاش هەنگاوێکی کاریگەر بە مەبەستی پێکهاتنی کۆنفرانسێکی ئەوتۆ نەهاوێژراوە.

ئێمە جارێکی دیکە ئەم پێشنیارە دووپات دەکەینەوەو دڵنیاتان دەکەین کە هەموو حیزب‌و ڕێکخراوەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە گەرمی پێشوازیی لێ‌دەکەن‌و بۆ گەیشتن بە ڕێگاچارەسەرێکی دادپەروەرانەی کێشەی کوردەکان، بە هەموو توانایانەوە تێ‌دەکۆشن. پێکهاتنی کۆنفرانسێکی ئەوتۆ دەتوانێ سەرەتای هەوڵێکی جیددی بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد، وەك یەکێك لە کێشە گرنگەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێ. چونکە بەبێ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لە چوارچێوەی وڵاتانی پێوەندیدارداو بەبێ بەرەسمی ناسینی مافەکانی کوردان لە لایەن ئەو دەوڵەتانەوە، هومێد بە جێگیر بوونی سەقامگیری‌و ئاشتی‌یەکی بەردەوام لەو ناوچەیەدا، خەیاڵێکی خاوە.

ئەوەندەی کێشەکە پێوەندیی بە کوردەکانی ئێرانەوە هەیە، بەجێ‌یە وەبیر بێنمەوە کە سەرەڕای هەموو ریاکاری‌و فێڵ‌و تەڵەکەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران کە لەو بارەوە بوویانە، خەباتگێڕانی کورد لە ئێران وەك هەموو خەباتگێڕانی دیکەی ڕێگای ئازادی لە سەرانسەری ئێراندا، لە هەلومەرجێکی دژواردان. دەسەڵاتداران نەك هەر هەنگاوێکیان بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ئێراندا نەناوە، بەڵکوو هەروا کە ئاغای خەرازی وەزیری کاروباری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لە سەفەر بۆ ئەم وڵاتە (ئیتالیا)دا گوتی، لەو بڕوایەدان کە شتێك بە ناوی کێشەی کورد لە ئێراندا نیە. هەر ئەوەشە کە بە شێوەیەکی سیستماتیك‌و بە "تاوان"ی داواکردنی سەرەتاییترین مافە ئینسانی‌یەکانی خۆیان، لاوانی کورد ڕەوانەی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دەکرێن‌و دەخرێنە ژێر وەحشیانەترین ئەشکەنجەی جیسمی‌و ڕووحی‌و، نێوە نێوە ژمارەیەك لەوان هەر بەو تاوانە بەداردا دەکرێن.

بەوهیوایە کە کۆبوونەوەی ئێستای ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست بە پشتیوانی لە ویست‌و داخوازەکانی کوردەکانی ئێران‌و لەوەش بەولاوەتر بە پشتیوانی لە خەباتی پڕشکۆی توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵی ئێران بە تایبەتی خوێندکاران‌و لاوان لە ڕێگای ئازادی‌و دیموکراسیدا، بڕیاری لێبڕاوانە بدا.

**لەگەڵ ڕێزو سوپاسی تایبەتی‌دا**

# هەواڵەکانی کوردستان

### هەڵبژاردنی دەوری دووهەمی شووراکان لە کوردستان
### لەگەڵ پێشوازیی ساردوسڕی خەڵك بەرەوروو بوو

ناو نووسی بۆ دووهەمین دەورەی شووراکانی شارو دێ لە کوردستان لەگەڵ ساردو سڕی‌یەکی کەم وێنەدا بەرەوروو بۆتەوە؛ بە ڕادەیەك کە ژمارەی ئەو کەسانەی کە خۆیان کاندیدای هەڵبژاردنی شووراکان کردوە ناگاتە ۲۰٪ی یەکەمین هەڵبژاردنی شووراکان. تەنانەت لە زۆربەی گوندەکاندا بە هۆی ئەوەی کەس نەی ویستوە خۆی کاندیدا بکا، ڕێژیم کەوتۆتە هەڕەشەو گوڕەشە لە خەڵك بەو مانایە کە ئەگەر ناونووسی نەکەن لە ئیمکاناتی ئیداری‌و دەوڵەتی بێ‌بەش دەکرێن. شایانی باسە کە تەحریم کردنی هەڵبژاردنی شووراکان لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە شوێنی ڕاستەوخۆی لەسەر هەڵوێستی خەڵك بەرامبەر بە دەورەی دووهەمی شووراکانی شارو دێ داناوە.

**مەریوان**

ڕۆژەکانی ۱۲ تا ۱۵ی بەفرانبار هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە شاری مەریوان بە بیانووی بەربەرەکانی لەگەڵ مەوادی موخەددیردا ڕژاونەتە شەقام‌و بازاری ئەو شارەو دەستیان بە گرتنی لاوەکان‌و ژمارەیەك دووکاندارو وەرزشکاری خۆشناو کردوە. هێزە بەناو ئینتیزامی‌یەکانی ڕێژیم کە خۆیان لە پەرەپێدان‌و بڵاوکردنەوەی مەوادی موخەددیردا نەخشێکی سەرەکییان هەیە، وێڕای بێ‌حورمەتی‌و سووکایەتی کردن بە گیراوەکان، ڕەوانەی تاقیگەیان کردون‌و پاش ئەوەی پێچەوانەی ئیددیعاکانیان دەرکەوتوە، ئازادیان کردون. لە کاتێکدا کە مەوادی موخەددیرو فەسادی ئیداری بە هۆی سیاسەتە چەوتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنێ، هێزە بەناو ئینتیزامی‌یەکان ڕێگاچارەو بەربەرەکانێ‌و پێشگیری لەو دیاردەیە لە سووکایەتی‌و بێ حورمەتی پێ‌کردن بە کەسانی خۆشناوو ئەوانەی کاری لەو بابەتەیان لێ‌ناوەشێتەوە دەبینن.

**سەقز**

### سووتمان لە گوندێکی سەرشیوی سەقزدا

سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٦ی بەفرانبار ماڵی هاونیشتمانی‌یەك بە ناوی حوسێن ڕەحمەتی لە گوندی دەریاوی سەربە ناوچەی سەرشیوی سەقز بە هۆی ئاگر گرتنی سۆبەکەیان، بۆتە خۆڵەمێش. بەداخەوە لەو ڕووداوە دڵتەزێنەدا ٦ کەس لە ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە گیانی خۆیان لەدەست دا کە بریتین لە: زیبا کەریم‌پوور تەمەن ۷۰ ساڵ، حوسێن ڕەحمەتی تەمەن ۳۰ساڵ، ئامین ۱۱ ساڵە، فاتمە ۷ ساڵە، کەژاڵ ٥ساڵە، ژاڵە ۳ساڵە هەروەها نەسرین خێزانی کاك حوسێن لە وەزعییەتێکی زۆر شپرزەو دڵتەزێن لە نەخۆشخانە کەوتووە. سەرەڕای ئەمەش بەرپرسی نەخۆشخانە بۆ دانەوەی هەر تەرمێکی ئەو بنەماڵەیە داوای ۱۰۰هەزار تمەنی لە کەسوکاریان کردوە.

"کوردستان" وێڕای دەربڕینی داخ‌و کەسەر لە ڕوودانی ئەو کارەساتە، سەرەخۆشی لە کەسوکاری قوربانیانی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە دەکاو ئاواتی چاکبوونەوەش بۆ خاتوو نەسرین دەخوازێ.

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

**بیلژیك**

### ڕێورەسمی ۲ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە برۆکسێل

ڕۆژی یەکشەممە ۲۰۰۳/۱/۱۲ کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بێلژیك ڕێورەسمێکی بەشکۆی بەبۆنەی ۲ی ڕێبەندان، پەنجاوحەوتەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان‌و دۆستانی حیزب لە شاری "برۆکسێل" بەڕێوە برد.

ڕێورەسمەکە کاتژمێر ۳ی پاش‌نیوەڕۆ بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی ڕێگای ئازادی دەستی پێ کرد. پاشان بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزب بەو بۆنەیەوە لە لایەن یەکێك لە هاوڕێیانی کومیتەی حیزبەوە خوێندرایەوە. لە بەشێکی‌تری ڕێوڕەسمەکەدا هاوڕێ خوسرەو عەبدوڵڵاهی نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، چەند وتەیەکی پێشکەشی ئامادەبووان کرد. بەڕێزیان لە بەشێك لە وتەکانیاندا هەلومەرجی ئێستای ئێران‌و کوردستانی ئێران‌و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانی خستە بەرباس‌و لێدوان. شایانی باسە کە ژمارەیەك لە حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌و فەرهەنگی‌یەکان بە ناردنی هەیئەتی نوێنەرایەتی لەو ڕێورەسمەدا بەشدارییان کردبووو بەو بۆنەیەوە پەیامیان خوێندەوە کە بریتی بوون لە:

پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق، پارتی سوسیالیستی کوردستانی تورکیە، ئەنستیتۆی کورد لە برۆکسێل، نووسینگەی هەواڵنێری کورد لە برۆکسێل، دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی میللەتی ئێران لە دەرەوەی وڵات، ڕێکخراوی فیدائیانی گەلی ئێران (زۆرینە).

ڕێورەسمەکە بە خوێندنەوەی چەند کوپلە شێعرو پێشکەش‌کردنی چەند گۆرانیی شادی کوردی‌و سروودی شۆڕشگێڕانە لە نێوان شادی‌و هەڵپەرکێی ئامادەبواندا، تا کاتژمێر هەشتی ئێوارە درێژەی کێشا.

**ئاڵمان**

### ڕێورەسمی ۲ی ڕێبەندان لە شاری "کوڵن"دا

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ۲۰۰۳/۱/۱۱، کومیتەی حیزب لە وڵاتی ئاڵمان بە بۆنەی۲ی ڕێبەندان پەنجاوحەوتەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، ڕێورەسمێکی بەشکۆیان بە بەشداری زیاتر لە ۳۰۰ کەس لە ئەندامانی حیزب‌و لایەنگران‌و کوردەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتە لە شاری "کوڵن" بەڕێوە برد.

ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێ کردو دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی حیزب‌و گەل ڕاگیرا. پاشان لە لایەن یەکێك لە هاوڕێیانی کومیتەی حیزبەوە، پەیامی دەفتەری سیاسی بە بۆنەی پەنجاوحەوتەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان خوێندرایەوە.

ژمارەیەك لە حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان لەو ڕێورەسمەدا بەشدارییان کردبووو پەیامەکانیان لە لایەن نوێنەرەکانیانەوە خوێندرایەوە کە بریتی بوون لە:

حیزبی سوسیالیستی کوردستانی تورکیە (کۆمکار)، نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات، پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق، پارتی دێموکراتی کوردستانی تورکیە، حیزبی سوسیالیستی دێموکراتی کوردستان، پارتی ڕزگاریی کوردستان، کۆمەڵەی کەلتووری کوردی ئەڵمان (فرانکفۆرت)، ڕێکخراوی دێموکراتی ژنان بۆ ئاشتی‌و عەدالەت، کانوونی زیندانیانی سیاسیی ئێران (لە تاراوگە) [لقی ئاڵمان].

ڕێورەسمەکە بە ڕەشبەڵەك‌و هەڵپەڕکێی بەشداران‌و خوێندنەوەی کۆمەڵێك شێعرو پێشکەش‌کردنی سروودو گۆرانیی جۆراوجۆر درێژەی کێشا کە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی ئامادەبواندا بەرەوروو بوو.

**فینلاند**


### بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ۲٦ی سەرماوەز لە شاری "تورکو"دا

ڕۆژی ۲۰۰۲/۱۲/۲۸ کومیتەی حیزب لە شاری "تورکو"ی وڵاتی فینلاند بۆ ڕێزگرتن لە ۲٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، ڕێورەسمێکی بە بەشداریی زیاتر لە ۲۵۰ کەس لە کوردەکانی دانیشتوی ئەو شارە بەڕێوە برد.

ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی حیزب‌و گەل دەستی پێ کرد. پاشان پەیامی کومیتەی ناوچەی "تورکو" لە لایەن هاوڕێ ڕەحمان خالدنەژاد بەرپرسی کومیتەوە خوێندرایەوە. بەدوای ئەودا پەیامەکانی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات‌و یەکیەتیی ژنانی دێموکرات خوێندرانەوە.

ڕێورەسمەکە بە ڕەشبەڵەك‌و هەڵپەڕکێی بەشداران‌و خوێندنەوەی کۆمەڵێك شێعرو پێشکەش‌کردنی سروودو گۆرانیی جۆراوجۆرو کورتە شانۆیەك ـ کە لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکراتەوە ئامادە کرابوو ـ تا کاتژمێر ۱۲ی نیوەشەو درێژەی کێشا.

# "کوردەکان بە شوین چارەسەریکەوە"



ستان نیوونز
سەرۆکی ریکخراوی لیبراسیۆن (بریتانیا)
وەرگیران لە ئینگلیزی‌یەوە: ف.کاویان

خوینەرانی بەریز!

ئەم بابەتەی دەیخویننەوە ئاکام وەرگرتن‌و پوختەی بیروبۆچوونەکانی بەریز "ستان نیوونز"(١)و ریکخراوەکەی، ریکخراوی بریتانیایی لیبراسیۆنە کە لە کۆتایی نامیلکەیەك لە ژیر ناوی "کوردەکان، خەباتی گەلیك لە پیناوی ئازادی‌و عەدالەتدا"(٢) چاپ‌و بلاوبۆتەوە.

ئاغای ستان نیوونز یەکیك لە دۆستانی دوکتور قاسملووی شەهید‌و دۆست‌و لایەنگریکی راستەقینە‌و شیلگیری نەتەوەی کورد‌و خەباتی کوردەکان لە پیناوی گەیشتن بە ئازادی‌و دیموکراسی دایە. هاوریی تیکۆشەر عەبدوللا حەسەن‌زادە سکرتیری گشتیی حیزب لە سەفەری ئەم دوایی‌یانەی خۆی بۆ ئینگلیستان‌دا، بە مەبەستی پتەوترکردنی پیوەندیی دۆستانەی حیزبی دیموکرات‌و ریکخراوی لیبراسیۆن، چاوی بە بەریز ستان نیوونز کەوت‌و لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکانی رۆژەوە، ئالوگۆری بیرورایان کرد. هەر لەو چاوپیکەوتنەدا بوو کە بەریز ستان نیوونز ئەم نامیلکەیەی ـ کە خۆی نووسیویەتی ـ وەك دیاری پیشکیش بە سکرتیری گشتیی حیزب کرد. دەستەی نووسەرانی "کوردستان" ویرای ریزنان لە هەلویستە ئازادیخوازانە‌و دیموکراتیکەکانی ریکخراوی لیبراسیۆن‌و بەریز ستان نیوونز، وەرگیردراوی ئەم بەشەی نامیلکەکە دەخاتە بەرچاوی ئیوەی بەریز.

. . . ئاشکرایە کە وەزعیکی ئەوتۆ [بێبەش مانەوەی نەتەوەی کورد لە مافە نەتەوایەتی‌یەکانی خۆی] هۆی جۆراوجۆری هەن. کوردەکان بە سەر ولاتانی جۆراوجۆردا دابەش کراون، ئەو دەوڵەتانەی ئەوانیان بەسەر خۆیاندا دابەش کردوە، هەمیشە لە جیاوازیخوازیی کوردەکان نیگەرانن‌و بە تەواوی لە سەر ئەوە سوورن کە بە توندی لە بەرامبەر رووداویکی ئاوادا بوەستن. دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێ کە پیکهینانی کوردستانیکی سەربەخۆ ناتوانێ ریگا چارەیەکی گونجاو بۆ ئەو کیشەیە بێ. هەولدان بۆ ئامانجیکی ئەوتۆ دەتوانێ رەنج‌و ئازارو مەینەتیکی گەورە‌و ویرانی‌یەکی یەکجار زۆری بەدواوە بێ. هیچ کام لەو ولاتانەی بەشیك لە دانیشتووانیان کوردن، بۆ لەدەستچوونی بەشیك لە خاکەکەیان مل نادەن‌و لە بەرامبەر رووداویکی ئەوتۆدا، بە هەموو نرخیك رادەوەستن، بێ ئەوەی زیان‌و زەرەری گیانی بە لای ئەوانەوە گرینگی‌یەکی هەبێ.

تەنانەت بریاری ئوکتۆبری ١٩٩٢ی پارلمانی کوردەکانی عیراق لە بارەی پەسند کردنی فیدرالیزمەوە بەو مانایە کە کوردستان لە چوارچیوەی کۆماری عیراقدا کۆماریکی فیدرال بێ، بووە هۆی نیگەرانیی ولاتانی دراوسیی عیراق. وەزیرانی دەرەوەی ئیران، تورکیە‌و سووریە بە ناوی پیداگرتنەوە لە سەر "یەکیەتیی ناوچە جۆراوجۆرەکانی عیراق، کۆبوونەوە [یەکی هاوبەش] یان پیك هینا.

بەلام، راستی‌یەکەی ئەوەیە کە زۆربەی ولاتان لە رۆژگاری ئەمرۆدا لەگەل کیشەی "نیزامی چەند کەلتووری" (٣) بەرەوروون. بە رەسمی ناسینی بە تەواویی مافە دیموکراتیك، کەلتووری‌و ماددی‌یەکانی گرووپە نەتەوەیی‌یە جۆراوجۆرەکان ـ ئەگەر قەرار بێ شارستانەتی درێژە بە ژیانی خۆی بدا ـ دەتوانێ‌و دەبێ وەراست بگەرێ. کوردەکانیش دەبێ بە شوین ئەم ئامانجەوە بن‌و بۆ گەیشتن بەم ئامانجە بە هەموو توانای خۆیانەوە تێبکۆشن.

کۆمەلگە کوردەکان لە سەر نیشتمانی خۆیان، یا لە هەر شوینیك بژین، دەبێ ئەو مافەیان هەبێ لە ژیانی تایبەتی خۆیان‌و لە نیو خەلکی دیکەشدا، بە زمانی زگماکیی خۆیان بدوین، بە زمانی کوردی کتیب‌و گۆڤار بلاوبکەنەوە‌و لە قوتابخانە‌و زانستگەشدا دەبێ بەو زمانە بخوینن‌و بتوانن لە بارەی میژوو، ئەدەبیات، مۆسیقا‌و هونەری نەتەوایەتیی خۆیانەوە، لیکۆلینەوە بکەن‌و بەرهەمی لیکۆلینەوەکەیان چاپ‌و بلاوبکەنەوە. دەبێ ئەو ئازادی‌یەیان هەبێ جلوبەرگی نەتەوەیی خۆیان یا هەر جلوبەرگیکی بۆخۆیان پییان خۆش بێ، لەبەری کەن‌و ریوشوینە نەتەوایەتی‌یەکانی خۆیان بپاریزن‌و ریزی بگرن، بەو مەرجەی کەمایەتی‌یە نەتەوایەتی‌یەکانی دیکەش کە لە تەنیشت ئەوان دەژین، ئەم جۆرە ماف‌و ئازادی‌یانەیان هەبێ. جگە لەمە، کوردەکان ـ یا هەر نەتەوەیەکی دیکە ـ دەبێ مافی بەشداری لە بریاردانیان لە ئاستی ولاتدا هەبێ‌و لە ناوچەی خۆیاندا سەلاحییەت‌و دەسەلاتی پیویستیان پێبدرێ، بە تایبەتی لەو شوینانەدا کە زۆرایەتیی دانیشتووان پیك دینن.

ئەوە بۆ کەس قبوول ناکرێ کە بەرپرسایەتی‌یە ئیداری‌یەکان لە لایەن دەسەلاتی ناوەندی‌یەوە دیاری بکرێ. دەبێ دەسەلاتی پیوەندیدار بە بەریوەبردنی کاروباری هەر ناوچەیەك بە کاربەدەستانی ئەو ناوچەیە بسپیردرێ‌و لە پیوەندی لەگەل ئەو مەسەلانەشدا کە دەکەونە نیو ئەو چوارچیوەیە، راگەیشتن بە کاروبارەکان دەبێ بدریتەوە بە ناوچە خودموختارەکان.

رەنگە لە داهاتوودا ئیمکانی ئەوە هەبێ کە ولاتیکی کورد پیك بێ. بەلام لە هەلومەرجی ئیستادا شتی وا مومکین نیە. جگە لەمەش بیرۆکەی پیکهینانی ولاتان لە سەر بناغەی یەکبوونیان لە باری نەتەوایەتی‌یەوە، نەك هەر گیروگرفتی زۆری بە دواوەیە، هیندیك مەترسییشی بۆ کەمایەتی‌یە نەتەوایەتی‌یەکان هەیە. لە بارەی مەترسی‌یەکانی سەرچاوە گرتوو لە ناسیۆنالیزمیکی هەوساریچراو، دەتوانین لە میژووی رۆژهەلاتی نیوەراست‌و ئورووپای رۆژهەلاتدا زۆر نموونە بینینەوە. هەر بۆیە کیشەی کورد دەبێ لەچوارچیوەی سنوورەکانی ئیستادا چارەسەر بکرێ.

لایەنگری لەم بۆچوونە بە مانای خۆبواردن لە هاودەردی لەگەل کیشەی کورددا نیە. ئەو رەنج‌و مەینەتی‌و کویرەوەرییانەی کە ئەو خەلکە لەگەلی بەرەوروو بوون سنووریکیان نیە‌و بە هیچ جۆر نابێ چاوپۆشییان لی بکەین‌و دریژەیان هەبێ.

بەلام دەبێ بگوترێ کە کوردەکان بۆخۆشیان هەمیشە دلسۆز‌و خەمخۆری خۆیان نەبوون. بە تایبەتی ئەو کاتانە کە تۆوی ناکۆکییان چاندوە‌و ئەو جۆرە ناکۆکی‌یانە سەرئەنجام بوون بە هۆی شەرو ململانیی توندوتیژ. لە سەدەکانی رابردوودا، ئەو سەردەمانە کە قەوارە خیلەکی‌یەکان گرنگی‌یەکی زۆریان پێدراوە، رەنگە خۆلادان لەو جۆرە کیشە‌و ململانییانە، نامومکین بووبێ. بەلام لە سەردەمی ئیستادا هەولدان بە مەبەستی گەیشتن بە ریگاچارەسەریکی گونجاو بۆ لەنیوبردنی ناکۆکی‌یەکان، شتیکی زۆر پیویستە.

. . . رەنگە ئەوەش راست بێ کە بەشیك لەم رووداوە خویناوییانە بە دەسکیس‌و دنەدانی دەولەتانی بیگانە‌و بە مەبەستی خزمەتکردن بە بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیانەوە بووبێ. هەیئەتە مەسیحی‌یەکان یا موسولمانە توندرەوودەمارگرژەکان، هیندیك جار بوون بە هۆی قوولبوونەوە‌و پەرەگرتنی ناکۆکیی نیوان مەسیحی‌یەکان‌و موسولمانەکان. ئەو خەلکانەی فەرهەنگ، ئایین‌و میللییەتی جۆراوجۆریان هەیە‌و لە پەنا یەکدا دەژین، رەنگە زۆر بە هاسانی بکەونە نیو داوی ئەو لایەنانەی دەیانەوێ رق‌و کینەی ئایینی، کۆمەلایەتی‌و نەتەوایەتی لە نیو ئەواندا پەرە پێبدەن‌و لە ریگای هەلگیرساندنی شەرو ناکۆکی‌یەوە، باری گیروگرفتەکانی خۆیان سووك بکەن. کەوابوو نابێ هیچ گومانمان لەوە دا هەبێ ئەو کیشە‌و ناکۆکی‌یانەی لە نیو کوردەکاندا هەبوون، زەبریکی زۆریان لە کیشەی کورد بە گشتی داوە. بەلام ئەو ئالوگۆرو هەنگاوانەی لەم دوایی‌یانەدا لە نیو کوردەکاندا بینراون، نیشاندەری ئەوەن کە هەولیکی زۆر دەدرێ تا پیشی دووپاتبوونەوەی هەلەکانی پیشوو بگیرێ. لە نیو زۆربەی گرووپەکان بە تایبەتی لەگەل کەمایەتی‌یەکاندا، هاوپیوەندی‌یەکی پتەو پیك هاتوە‌و گرنگ ئەوەیە کە بۆ جیگیر کردن‌و پەرەپیدانی هەول بدرێ. دەبێ هەرچەشنە ململانی‌و ناکۆکی‌یەك دووریی لی‌بکرێ تا ئەو جیگایەی دەگونجێ ئەم جۆرە کیشە‌و ناکۆکییانە، زەبر لە ئیستاو داهاتووی مەسەلەی کورد نەدەن.

ئەگەرچی گیروگرفتەکانی پیوەندیدار بە کوردەکان هیشتا هەر زۆر ئالۆزن، بەو حالەشەوە، ئەگەر قەراربێ بیرورای گشتی پشتیوانیی خۆی لەوان دریژە پێبدا، نابێ جاریکی دیکە شەر لە دژی کوردەکان دووپات بیتەوە. دەبێ راکیشانی پشتیوانیی بیرورای گشتی لە ئاستی جیهاندا ببیتە مەبەستی سەرەکی.

رەفتاری گشتیی خەلکی ولاتان لە سەر سیاسەتی دەولەتەکانیان لە بەرامبەر قوربانی‌یەکانی سەرکوت‌و توندوتیژی‌دا نەخشیکی چارەنووسسازی هەبووە. مانای نیە کە کوردەکانیش نەتوانن سەرنجی بیرورای گشتیی جیهانی بۆ لای خۆیان رابکیشن تا بە هۆی ئەوەوە ئامانجەکانی خۆیان لە بارەی بەریوەچوونی دادپەروەری‌یەوە وەدی بینن.

لە شەری یەکەمی جیهانی‌یەوە تا ئیستا، کوردەکان کەم وا هەبووە لە سەر نیشتمانی خۆیان لە ئاشتی‌و هیمنایەتی‌دا بژین‌و هەرگیز ئەو مافانەیان نەبووە کە هەموو گەلانی ئازادی جیهان هەیانە. کوردەکان بە مەبەستی بەربەرەکانی لەگەل ئەو سەرکوت‌و فەرقوجیاوازییانەی لە دژی ئەوان بەریوە چوون، خەباتیکی بێبرانەوەیان دریژە پێداوە.

هەر کەسیك لە کیشەی کورد بکۆلیتەوە دەگاتە ئەو ئاکامە کە ئەو گەلە بۆ سەلماندنی بەتەواویی پیناسەی نەتەوایەتی‌و فەرهەنگیی خۆی، هیچکات لە خەبات‌و تیکۆشان نەسلەمیوەتەوە. ئەو راستی‌یە کە ئەوان هەموو جارێ خەباتی خۆیان دەست پێکردۆتەوە، نەك هەر نیشانەی ئەو هەموو گرنگی‌یەیە کە بە داخوازەکانی خۆیانی دەدەن، بەلکوو زۆر بە روونییش دەری دەخا کە هەتا ئەو کاتەی کوردەکان بە مافە رەواکانی خۆیان نەگەن، ئەو کیشەیە نابریتەوە‌و لەنیو ناچێ.

هەتا ئەو کاتەی رەنج‌و مەینەت‌و ئازاری کوردەکان دریژەی هەبێ، کوردەکانیش لە سەر خەباتی خۆیان بەردەوام دەبن‌و جیگیر بوونی ئاشتی‌و سەقامگیری لە رۆژهەلاتی نیوەراستدا نایەتە دی. لە سەردەمیکدا کە مرۆڤایەتی لە باری زانستی‌و تکنیکی‌یەوە توانایی‌یەکی ئەوتۆی هەیە کە دەتوانێ بەسەر هەژاری‌و نەخۆشی‌و گیروگرفتە لەمیژینەکانی دیکەدا زال بێ، بەکارهینانی ئەو هەموو توانا‌و ئینیرژی‌یەی مرۆڤەکان لە ریگای شەرو ویرانکردندا، جگە لە تراژیدی ناتوانین هیچ ناویکی دیکەی لی بنیین. بەلام ئاشتی تەنیا ئەو کاتە دیتە دی کە ناعەدالەتی‌یە بنەرەتی‌یەکان بە یەکجاری لەنیو ببرین. لە رۆژهەلاتی نیوەراست کاریکی ئەوتۆ پیویستی بەوە هەیە کە مافی کوردەکان بە رەسمی بناسرێ‌و مافەکانی هەموو ئەو کۆمەلە‌و کەمایەتییانە کە لەگەل ستەم‌و فەرقوجیاوازی‌و سەرکوت بەرەوروون، دابین بکرێ.

زۆر لە ئیمە بەوپەری تامەزرۆیی‌یەوە چاوەروانی ئەو رۆژەین کە کۆمەلیکی نیونەتەوەیی ئەوتۆ بنیات بنیین کە بتوانین بە کەلك وەرگرتن لەو سەروەت‌و سامانە بێ سنوورەی لەسەر تۆپی زەوی هەیە، هەموو پیداویستی‌یەکانی ژیانیکی خۆش‌و بەختیارانە بۆ هەموو مرۆڤەکان دابین بکەین. بۆ گەیشتن بە ئامانجیکی ئەوتۆ، دەبێ لە دژی نابەرامبەری‌و بیعەدالەتی، ئەویش ئەو جۆرە بیعەدالەتی‌یانە کە لە دژی کوردەکان بەریوەچوون، خەبات بکەین. ئەرکی سەرشانی ئیمەیە کە ئەم هەلومەرج‌و بارودۆخە بۆ کەسانی دیکەش روون بکەینەوە، هەر زانیاری‌یەکی لەو بارەوە هەمانە، بلاویان بکەینەوە‌و بە ئاگاداریی بیرورای گشتییان بگەیەنین‌و سەرنج‌و پشتیوانیی ئەوان بۆ لای کیشەی کورد رابکیشین. زۆر لەمیژە ئەو خەلکە ئازایە لەبیر چوونەتەوە، یا پشت گوێ خراون. دەبێ لەوەدیهینانی ئامانجەکانیاندا، پشتیوانییان لی‌بکرێ، چونکە بەراستی شایانی ئەوەن.

✧✧✧

پەراویز:

1) stan Newens
2) The kurds, a people Struggle for peace and Justic
3) Multi - culturalism




**ئەرکی سەرشانی ئیمەیە کە ئەم هەلومەرج‌و بارودۆخە بۆ کەسانی دیکەش روون بکەینەوە، هەر زانیاری‌یەکی لەو بارەوە هەمانە، بلاویان بکەینەوە‌و بە ئاگاداریی بیرورای گشتییان بگەیەنین‌و سەرنج‌و پشتیوانیی ئەوان بۆ لای کیشەی کورد رابکیشین. زۆر لەمیژە ئەو خەلکە ئازایە لەبیر چوونەتەوە، یا پشت گوێ خراون. دەبێ لەوەدیهینانی ئامانجەکانیاندا، پشتیوانییان لی‌بکرێ، چونکە بەراستی شایانی ئەوەن.**


# ئامانجە کۆنو ناسراوەکانی سیناریۆیەکی تازە

م. ڕەوانپاك

لـە سـەرەتاکانی پـاییزی ئەمساڵدا، دەزگـای قـەزایی کۆمـاری ئیسـلامی بەڕێوەبـەرانی دوو دامـەزراوی بیروڕاپرسـی "آینـده"و "مرکـز ملـی پژوهـش افکـار عمومـی"ی بـە تـاوانی بڵاوکردنـەوەی ئاکامـەکانی بیروڕاپرسـی‌یەك کـە نـاوی "دروستکردنی بیروڕا"ی لەسـەردانا، گـرتو لە زیندانی پەستاوتن.

ئەگـەر لەسـەرەتادا بەڕێوەبـەرانی دوو دەزگـای نـاوبراو بـە "دروسـتکردنی بـیروڕا (نظرسازی) لە جیاتی بیروڕاپرسی" تاوانبـار کرابوون، لە ماوەی چـەند مـانگ مانـەوەی ئەوان لــە زیندانـەکانی دەزگـای قـەزاییدا، کۆمەڵێك تاوانی دیکەش بۆ گیراوەکانی ئـەو پەروەندەیە ریز کـران کـە بریتـی بـوون لـە: "جاسووسی بۆ بێگانە، فرۆشتنی زانیاری بە بێگانـــەکان، پێچەوانـــە نیشـــاندانی راستـی‌یەکانی وڵات، هــەنگاونان لــە دژی ئەمنییەتی میللی، کەڵکی خـراپ وەرگرتـن لە کەلوپەلو دارایی‌و ئـەموالی دەوڵـەتی‌و . . ." لە کۆتایی‌یەکانی پاییزو لــە سـەرەتای زستانی ئەمساڵیشدا، موحاکەمەو دادگایی گیراوەکان دەست پـێ‌کراو کۆتـایی پێ‌هـات؛ موحاکەمــە کردنێــك کــە بــە شــکانی گیراوەکانو داننانی "تاوانباران" بـە هەڵـەو تاوانـەکانی خۆیـاندا کۆتـایی پێ‌هـاتو دەزگـای قـەزایی بـە رواڵـەت توانـــی بـە مەبەسـتە لـەپێشدا دیاریکراوەکـانی بگـا. هەربۆیەش هەڵڵاوهەنگامەیەکی تەبلیغاتیی بـەربڵاوی لـەو پێوەندیـەدا لـە راگەیەنــە گشـتی‌یەکانی کۆمـاری ئیسـلامی‌دا، وەڕێ خست.

تـاوانی بەڕێوەبـەرانی دوو دامــەزراوی بیروڕاپرسیی "ناوەندی‌میلليی لێکۆڵینەوە لە بیروڕای گشتی"و "ئایەندە" ئەوە بوو کە بـە راسـپاردنی چـەند دامـەزراوی خـاریجی بــە ناوەکانی "گـالوب"، "V.M"و "زاگبـی" لە شاری تاران، بیروڕای خەڵکیان لـە بـارەی پێوەندیی ئەمریکاو ئێرانـەوە پرسـیبوو. بـە گوێـرەی ئـەو بیروڕاپرسـی‌یە، سـەدی ٧٤ی ئەوانەی پرسـیاریان لیٚ‌کرابـوو رەزامـەندیی خۆیان لە دەست پێکردنەوەی پێوەندی‌یەکانی ئێرانو ئەمریکا راگـەیاندبوو. بـەڵام ئـەوەی لەو نێوەدا دەسەڵاتبەدەسـتانی راسـتەقینەی کۆماری ئیسـلامیی پـتر تـووڕە کـرد، هـەر بـەڕێوەبردنی ئـەو بیروڕاپرسـی‌یە نـەبوو، بـەڵکوو بڵاوبوونـەوەی ئاکامـــەکانی بیروڕاپرسـی‌یەکە بـوو. ناهـەقییش نـەبوون. ئەوان لە حاڵێکدا وەك هەمیشـە تـەندووری دژایەتی لەگەڵ ئـەمریکایان داگیرسـاندبووو ئیددیعاو دروشمە سواوەکانی خۆیان لە بارەی "شەیتانی گەورە" دووپـات دەکـردەوەو لــە زمـانی شەخسـی رێبـەری نیزامــەوە




لایەنگرانو داواکارانی پێکهێنانی پێوەندیـی لەگـەڵ ئـەمریکایان بــە "بێ‌غـیرەت"و "نەزان" تاوانبار دەکرد، ئێستا لە پێتـەختی دەسـەڵاتدارەتی‌یەکەیان، خــەڵك لــە بیروڕاپرسـی‌یەکدا کـە چـەند نـاوەندو دامەزراوی بەستراوە بە دەوڵـەتو مـەجلیس ئەنجامیان داوە، بە راشکاوی بیروڕای خۆیـان لەو بارەوە دەربڕیوەو بەجۆرە نیشـانیان داوە کە روانینو بۆچوونی خەڵكو دەسەڵاتداران لە بارەی پێوەنـدی لەگـەڵ ئـەمریکا، وەك زۆر بواری دیکە بە تەواوی لێك جیاوازە. لەوەش تاڵـترو ناخۆشـتر بـۆ دەسەڵاتبەدەسـتانی راستەقینەی رێژیـم، پشـت بەسـتنی زۆر لـە کەسـایەتی‌یەکانی وڵات (نوێنـــەرانی مـەجلیس، رۆژنامەنووسـان، لێکۆڵـەران، رووناکبـیران، بەرپرسـانو بەڕێوەبــەرانی حیزبو کۆمەڵە سیاسـی‌یەکانو . . .) بـەو زانیارییانەو، رەخنە گرتن لە سیاسـەتەکانی تاقمی فـەرمانڕەوا لـە سەر بنچینـەی ئـەو زانیارییانە بوو. سەرنج راکێش ئەوە بوو کـە بەشێکی بـەرچاو لـەو کەسایەتییانە هـەتا دوێنێ دەمڕاستو کاربەدەسـتی ئـەو رێژیـمە بـوون، یـا هـەر ئێسـتاش بـە بەشـێك لـە حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی دادەنرێن.

هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی گرتنی بەڕێوەبەرانی ئـەو دامەزراوانـە، روون بـوو کـە قۆڵـی باڵادەسـتی حاکمییـەت سـیناریۆیەکی دیکەی بە چەند مەبەستی دیـاریکراوەوە، وەڕێ خسـتوە. سـازکردنی یــەك بــە دوای یــەکی سیناریۆی جۆراوجۆرو نانەوەی کێشــەو هــەراو قەیرانی جیاواز، رەواڵێکە کە هەر لە دوای ۲ی جۆزەردانــی ١٣٧٦ەوە لــە لایــەن قۆڵــی باڵادەستەوە بـە بـەردەوامی پـەنای بـۆ بـراوە. دەسەڵاتدارانی پاوانخوازو توندڕەو کە لـە چـەند مل راکێشان بۆ هەڵبژاردندا بە هۆی رەکەبـەرە ریفۆرمخوازەکانو لە راستی‌دا بە هۆی خەڵکەوە تێك شکێنران، تێ‌کۆشاون "ئەوەی لە سـوورێ دۆڕاندوویانـە، لـە کایـە تێـی هەڵێننــەوە". ئەگـەر لـە هەڵبژاردنــەکانی سـەرکۆماری‌و شووراکانی ئیسلامی‌و مەجلیسـی شەشـەمدا، خەڵك بە پێچەوانەی ویسـتی ئـەوان دەنگیـان داو لە دەسەڵاتەکانی ئیجرایـی، قانووندانـانو بەڕێوەبردنی کاروباری خـەڵکدا جێیـان پـێ‌لێژ کردن، بەکەڵك وەرگرتن لە دەسەڵاتی سـەرووی قـانوونی رێبــەری‌و نــاوەندو ئورگانــە سەپێنراوەکانی وەك شوورای نیگابان،و "مجمع تشخیص مصلحت نظام"، بەربەست لە رێگای جێ‌بـەجێ بوونـی ئـیرادەی خــەڵكو بڕیــاری نوێنەرانو هەڵبژاردەکانی ئەوان دروست بکەن. شانبەشانی ئـەو کـارەش قـەیرانو سـیناریۆی یەك بە دوای یەکیان دروست کردوە تا هـەموو جـارێ لـەو قـەیرانو سـیناریۆیانەدا، وێـڕای گرتــنو موحاکەمــەو مـەحکووم کـردنو لــە مەیدان وەدەرنانی ژمارەیەك لـە کەسـایەتی‌یە ریفورمخـــوازو رەخنـــەگرەکان، کۆمــــەڵێك کەسـایەتیی دیکــەش تێــوە بگلێنـــنو پەروەندەیان بۆ ساز بکەن. قازانجی ئەو قـەیران خوڵقاندنو سیناریۆ نووسانە، جگــە لـە تۆڵـە ئەسـتاندنەوەو بەسـزاگەیاندنی هێندێــك کەسایەتیی کاریگـەر لـە رەوتـی بزووتنـەوەی ریفورمخـوازی، خــەریك کردنــی دەولــەت، مەجلیس، راگەیەنە گشـتی‌یەکانو بـە گشـتی خەڵك بە شتی لاوەکی‌و، لەبیر بردنـەوەی ئـەو بەلینو داواو چاوەڕوانییانەیە کە چـەند سـالە لەگەڵ پەرەگرتنی بزووتنەوەی ریفورمخـوازی دا هاتوونە گۆرێ.

گرتــنو موحاکەمــە کردنـی شـارەداران، بیانووگرتن بە "عبدالله نوری"و پەروەندە بــۆ ســازکردنو دادگـایی کردنـــی، قۆســتنەوەی پیکهاتنی کۆنفرانسی بیرلینو کــەلك وەرگرتـن لەو بیانوویـە بـۆ داخسـتنی چـەندین گۆڤـارو رۆژنامــەو موحاکەمــەو زیندانــی کردنـــی کەسـایەتی‌یە سیاسـی، فەرهەنگی‌یــەکانی وڵات، ئیعـتراف وەرگرتـن لـە ژمارەیـەك لـە تیکۆشـەرانی بزووتنـــەوەی خویندکـــاری‌و پـــەروەندەی میللـــی مەزهەبی‌یـــەکانو بڵاوکردنـەوەیان لـە تەلـەویزیۆن، دەرکردنـــی حوکمی ئیعدام بـۆ هـاشمی ئاغاجـەری‌و . . . لەو قەیران خولقینی‌و سیناریۆ نووسینانەن کـە بە مەبەسـتی رق رشـتن بـە مۆرەکـانی قۆڵـی ریفورمخـوازو سـیما ناسـراوو بـە برشـتەکانی گۆرەپـانی بەربــەرەکانێ لەگــەڵ دەســەڵاتی سەرەڕۆیانەو پاوانخوازانـەی قۆڵـی باڵادەسـتی کۆماری ئیسلامی، بەریوەچوون.

رەوتــی گرتـــنو موحاکەمـــە کـــردنو کەلکی‌تـەبلیغاتی وەرگرتــن لـە ئیعترافـەکانی گیراوەکـــانی پـــەروەندەی ناوەندەکـــانی بیروراپرسی، نیشانی دا کە قۆڵـی باڵادەسـتی ریژیـم هــەر بەشـوین ئــەو مەبەســتو ئامانجانەوەیە کە چەندین قــەیرانو سـیناریۆی دیکەی بۆ ئامادە کــردوون بــەریوەی بــردوون. ئەوان ئەمجاریش هەولیان دا:

ـ درکاندنو ئاشـکراکردنی راسـتی‌یەکانو قـامك دانـان لـە سـەر بــیروراو هەلویســتە راستەقینەکانی خەلك وەك هەنگاونان لـە دژی ئەمنییـەتی میللیـی ولاتو زانیـاری دان بــە بیگانەو دلخۆش کردنی دوژمنــان بـە وەزعــی نیوخۆیــی ئـیران بناسـینو، کەسـانیك کــە پــەردەیان لەسـەر ئـەو راسـتییانە لاداوە، بــە جاسووسی بیگانە لەقەلەم بدەن.

ـ هەلومــەرجیکی وا پیــك بینـــن کــە گیراوەکان ناچار بکەن ددان بە هەلەبوونی هــەر نەبێ بەشیك لــە کـارو هــەنگاوەکانی خۆیــان دابنیــن. ئــەم دان پیدانــانو تیــك شــکانەی ئەوانیش وەك بەلگەو نیشانەی راســت بوونــی ئیددیعاکانی خۆیـان نیشـان بـدەن. هــەر لــەو کاتەدا بیکەن بە بەلگەو دەلیل بۆ لــەرزۆکی‌و لەشـکان هـاتوویی هــەر چەشــنە جموجــۆلو تیکۆشانیك کە لــە دژی دەســەلاتی ئــەوان یــا تەنانەت بۆ لــەقاودانی نیــوەرۆكو ماهییــەتی دەسەڵاتەکەی ئەوان لە گۆرێ دایە.

ـ ئیسـتا کــە بــە حیســیبی هــەموو ریفۆرمخوازەکـــانی دەرەوەی دەســـــەلات راگەیشتوونو هەرچی بـۆ سـزادانو سـەرکوتی ئەوان لە دەستیان هـاتوە، دریغیـان نـەکردوە، هیندیك کەسایەتی‌و مـۆرەی نیودەسـەلاتیش کە پییان لەگەل رانەکیشاونو ئامــادە نــەبوون بە تەواوی ملکەچی ویستو داواکانیان بن، لە ریگـای ئـەو پەروەندەیــەوە تاوانبــار بکــەنو پەروەندەیان بۆ ساز بکەن تــا لــە دەرفــەتیکی دیکەدا، بە حیسیبی ئەوانیش رابگەن.

بەڵام لەگەڵ ئەو سەرکەوتنە روالەتی‌یەشدا کە دەزگـای قــەزایی کۆمــاری ئیســلامی لــە بەریوەبردنی ئەم سیناریۆیە دا وەدەستی هینا، گرتــنو موحاکەمـــە کردنـــی بەریوەبــەرانی ناوەندەکـــانی بیروراپرســـی، وەك زۆر لـــــە هەولەکانی پیشووی دەسەڵاتدارانی ئەو ریژیمە، ریسوایی زیاتری بۆ کۆماری ئیسلامی لەگـــەڵ خۆی دا هیناو سستی‌و بێ‌بناغــەیی‌و لــەرزۆك بوونی پایەکانی ئەو ریژیمەی پتر دەرخست.

**دەسـەڵاتدارانیك کـە تـا ئـەو رادەیـە لــە ئاشـکرا بـوونو بڵاوبوونـــەوەی راســـتی‌یەکان دەترسین کە بۆ شـیواندنو سـرینەوەی ئاکـامو شــوینەوارەکانی بڵاوبوونــەوەیان، پــەنا بــۆ پەروەندەسـازی‌و گرتـنو موحاکەمـە کردنـــی عامیلانی درکاندنیان دەبەن؛**

**دەسـەڵاتدارانیك کـە دوایـین پاشماوەکـانی ئیعتبـاری روالـەتیی ریژیمەکـەیان لـە پینـاوی وەرگرتنـی چـەند ئیقـرارو ئیعـتراف لـە ژیـــر ئەشـکەنجەو فشـاری رووحـی‌و جیسـمی لــە گیراوەکاندا، وەلادەنینو ئــەو جـۆرە ئیعـتراف وەرگرتنـە بێ‌ئیعتبارانــە کــە هیــچ کــەس بایــەخیان بــۆ دانانــێ، بــە ســەرکەوتنو دەسکەوتیکی گەورەی خۆیان دەژمیرن؛**

**دەسەڵاتدارانیك کە ئەو بەشە لە شــەریکە دەسەڵاتەکانیشـیان تەحــەمول ناکــەن کــە دەیانەوێ لانی‌کەمی دەرەتانی هەناســەدان بـۆ خــەلك هــەبێ تــا رقو توورەیــی رۆژ بــــە رۆژ زیاتری خەلك نەبێ بە گرکانو بــەگژ ریژیــم لــە تەواوەتیی خۆیدا نەچیتەوە؛**

**بــــەم جــــۆرە هـــــەولو تەقــــــەللا بیزهەسـتینانەیان، نـاتوانن ریژیمەکـەیان لــەو چارەنووسە حەتمی‌یە کە لــە پیشـیەتی، رزگـار بکەن. ئەم جـۆرە هــەولو تەقەللایانـە، خــەلك جار لەگەل جار پتر دینیتە سەر ئەو باوەرە کــە کۆماری ئیســلامی، هــەر ئەوەیــە کــە بــووەو هەیەو هەرچەشنە هومید بەستن بە گۆرانکـاری لە چوارچیوەی ئەو ریژیمەدا، تەنیا خۆفریودانە.**

# کاریکاتۆریك کە برای بەگژ برا دا کرد!

توانا

رۆژی پێنج شەممە ١٩ی بەفرانباری ١٣٨١، رۆژنامەی "حیات نو" کە هادی خامەنەیی برای عــەلی خامەنــەیی رێبـــەری کۆمـــاری ئیســـلامی بـــەرپرسو خاوەنیــــەتی کاریکـاتۆرێکی لــە لاپـــەڕەکانی نێـوەوەی خـۆیدا بـــڵاو کـردەوە. ئــەو کاریکـاتۆرە دەســت بــەجێ لـــە لایـــەن جڵەوبەدەستانی قۆڵــی تونـدڕەوی رێژیـمو رۆژنامــەکانیان قۆزرایـەوەو وەك بێ‌حورمــەتی بــە خومــەینی بنیاتنــەری کۆماری ئیسلامی مانا کرایەوەو کــرا بــە بیانوویــەك بـۆ دەنگدانو هێنانە سەر شــەقامی تـاقمو دەســتە گـوێ لـە مستەکانی ناسراو بە حیزبوڵڵا تا ئەوەندەی دیکــە فــەزای ترسو وەحشەت لە وڵاتدا زاڵ بکەنو پەلامار بەرنە سـەر هــەر کــەسو لایــەنێك کــە رەخنــە لــەو رێژیمە دەگــرنو بەربەرەکانێی سیاسەتو کردەوەکانی دەکەن.

شــەوی ١٩ لــە ســەر ٢٠ی بــەفرانبار کۆمــەڵێك لــە تەلەبەکانی "حــەوزەی عیلمییــەی قــوم" لــە مەدرەســەی فەیزییە کۆبوونەوە تا دژی بەناو "بێ‌حورمەتیی رۆژنامــەی حیــات نــو" دەنــگ هــەڵبڕن. دوا بــــە دوای ئــەم کـــارە راگەیاندنراوو بەیاننامەی ناڕەزایەتی دەربڕیــن لــە چــەندین شوێنی شاری قوم بڵاوبوونەوە. رۆژی هــەینییش ژمارەیــەك لە نوێژکەرانی ئەو شارە رێپێوانیان لەو پێوەندیــەدا وەڕێ خستو ئەو دروشمانەیاندا: **"ئەمرۆ رۆژی عەزایە، مەجلیس مەکۆی پیلانگێڕی لــە دژی ئیسـلامو شۆڕشــە، مــردن بـۆ قەڵــەم بەدەسـتی بــەکرێگیراو، ئەمــە بەڵگــەی جینایــەتی ئیسلامی ئەمریکایی‌یە، وەزیری بێ‌کیفایەت، محابن، محابن، ئەمرۆ رۆژی مەرگی خائینانە."**

لە تارانیش تاقمێك لە حیزبوڵڵایی‌یەکان بە رێنوێنــی‌و هاندانی حوسێنی ئەڵڵا کەرەمو دوای نوێژی هەینی لــە بــەر دەرکی ساختومانی رۆژنامەی "حیات نو" کۆبوونەوەو ئەو دروشمانەیاندا: **"دوژمن جینایەت دەکا، هادی پشــتیوانیی لیٚ‌دەکا"**و **"حیات نو! خەجاڵەت! خەجاڵەت."** دیارە لــەو



رێپێــوانو خۆپێشــاندانانەدا دژی ســـەرکۆماری رێژیـــم خاتەمییش دروشم دران.

رۆژێك دوای بــڵاو بوونــەوەی ئــەم کاریکـاتۆرە رۆژنامــەی "حیات نو" کە بۆی دەرکەوت خــەریکن لــە بڵاوبوونــەوەی ئەو کاریکاتۆرە گۆنگەڵێك ســاز دەکــەن، بــۆ رەواندنــەوەی هەر چەشنە گومانێكو بۆ پووچــەڵ کردنــەوەی هــەر جــۆرە نەخشەو پیلانێکی پیلانگـێڕانو سـیناریۆ نوسـانی قۆڵـی توندڕەو لــە روونکردنەوەیــەکدا نووســی: ئــەو کاریکــاتۆرە ســاڵی ١٩٣٧ (٦٥ ســاڵ لەمــەوپێش) لــە ئــەمریکا لـــە گەرمەی کێشەو ناکۆکیی نێــوان سـەرکۆمار (رۆزوێلـت)و بەرپرسانی دەزگای قەزایی ئــەو کــاتی وڵاتــی ئــەمریکادا، کێشراوەتەوەو هەر ئــەو کــات لــە رۆژنامــەکانی ئــەمریکا چاپو بڵاوبۆتــەوە. جگــە لەمــەش بــە داخــوازی خـاوەنی رۆژنامەکــە (هـــادی خامەنـــەیی)، رۆژنامەکــە دوو رۆژ دەرنــەچوو تــا ئاشــەکان ئاویــان لی بـــبرێ. بـــەڵام روونکردنەوەکەی "حیات نو"و "هـــەنگاوی نیازپاکانــە"ی هــادی خامەنــەیی‌و شــەریکە دەســەڵاتو هاوپــەیمانانو هاوبیروراکانی براکەی، لە بریاری خۆیـان سـارد نـەکردەوە. ئەوان کە لە "هەلیکی ئاوا زیرین" دەگەران تا شـەپۆلیکی دیکە لە هیرش بـۆ سـەر رۆژنامــەکانو پــەلامار بـۆ سـەر موخالیفـانو نارازییـان وەری بخەنــەوە، هــەر دەمو دەســت رۆژنامــەی "حیــات نــو"یــان داخســتو هــەر بــەوەندەش نەویستانو رۆژنامــەی "بــهار"یشـیان لەگــەڵدا داخسـت. هاوکات لەگەڵ ئەم هــەنگاوە، هــەم بــە ناردنی گــوێ لــە

بۆ لاپەڕی ٨

# هەواڵەکانی ئیران‌و جیهان

ئا: ع. بداغی

## راپۆرتی حەوتوونامەی "ئیسپرسۆ" لە زیندانی ژنان لە شاری کرماشان

هەواڵنیریکی حەوتوونامەی ئیتالیایی "ئیسپرسۆ" توانیویەتی لە زیندانی ژنان لە کرماشان دا چاوی بە ژمارەیەك زیندانیی ژن بکەوێ‌و راپۆرتیك ئامادە بکا. ئەو هەواڵنیرە دەنووسێ: زیاتر لە ٨٠٪ی زیندانی‌یەکان لە پیوەندی لەگەڵ بەکار هینان‌و فرۆشی مەواددی موخەددیردا گیراون‌و تەمەنی زۆربەی ئەوان لە خوار ١٨ سال دایە. هەوەها لەو زیندانەدا پتر لە ٣٠٠ میرمنداڵ بەند کراون.

زۆربەی هەرە زۆری ژنانی زیندانی، نەداری‌و بیکارییان هۆی سەرەکیی زیندانی بوونی خۆیان زانیوە. ئەو هەواڵنیرە دەنووسێ: ئەنجامدانی کاری غەیرە قانوونی‌و پەیدا کردنی بژیوی رۆژانە لە ریگایەکی نایاسایی لە وڵاتیكدا کە پتر لە ٣٠٪ی حەشیمەتی بیکارن، سەرسور هینەر نیە. ناوبراو دەڵێ: جگە لە ئیعتیاد، نەخۆشیی ئەیدز مەترسی‌یەکی گەورەیە بۆ گیانی زیندانی‌یەکان. لە زیندانەکانی ئیران داو هەروەها لە کۆمەڵگەی ئیران دا ئیعتیاد، لەشفرۆشی‌و ئەیدز رۆژبەرۆژ زیاتر پەرە دەستینێ.

## لە ئیران دا سەروەت‌و سامانی ٢٠٪ی دەست رۆیشتووەکان، ٤٥ بەرابەری سامانی هەژارەکانە!

شۆرشی گەلانی ئیران کە بە مەبەستی خاشەبر کردنی ستەمی نەتەوایەتی‌و وەدیهاتنی ئامانجە رەواو ئازادی مەدەنی‌یەکان‌و هەروەها عەدالەت‌و یەکسانیی کۆمەڵایەتیی وەرێ خرا. بەڵام ئەورۆ پاش تیپەر بوونی ٢٤ ساڵ لە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی دەبینین کە هەژارەکان هەژارتر بوون‌و تویژیکی دەولەمەندو دەست رۆیشتوو لە ئیران دا پیك هاتوە. مامۆستایەکی زانکۆی تاران بە ئاماژە بەو ئامارەی کە سەروەت‌و سامانی تویژی دەست رۆیشتووی ئیران ٤٥ بەرابەری تویژی نەدارەکانە، دەڵێ وەها کەلینیکی چینایەتی تەنانەت لە وڵاتانی هەژاری جیهانی سیهەمیش دا بەرچاو ناکەوێ.

## سەردانی هەیئەتەکانی مافی مرۆڤ بۆ ئیران لە مانگی ریبەندان دا

لە ریبەندانی ئەو ساڵ دا بریارە کە کارناسانی مافی مرۆڤی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانی ئیران بکەن تا لە نیزیکەوە وەزعییەتی مافی مرۆڤ لە ئیراندا لیك بدەنەوە. بەو پییە سەرەتا هەیئەتیك بۆ بینین‌و هەلسەنگاندنی وەزعییەتی زیندانەکانی ئیران دینە ئەو وڵاتە. پاش ٢مانگ، واتە لە خاکەلیوەی ٨٢ دا لیژنەیەك بۆ پیراگەیشتن بە کیشەی بزر بوون‌و شرت‌و گومکرانی نەیارانی سیاسی سەردانی ئیران دەکاو بە دوای ئەودا هەیئەتیك بۆ لیکدانەوەو تاوتوی کردنی وەزعییەتی ئازادیی را دەربرین‌و ئازادی‌یە مەدەنی‌یەکان دیتە ئیران. ئەوەش لە حالیکدایە کە تەنیا لە مانگی بەفرانبار دا نیزیك بە ٥٠ کەس لە لایەن ریژیمی کۆماری ئیسلامی‌یەوە ئیعدام کراون.

## موسولمانان دەبێ بەرەنگاری هیزەکانی ئەمریکا ببنەوە

ئاخوند ناسری مەکارمی شیرازی، یەکیك لە مەراجعی تەقلیدی سەربە کۆماری ئیسلامی لە شاری قوم فتوای داوە کە موسولمانانی ناوچەی کەنداو دەبێ یەك بگرن‌و بەرەنگاری هیزەکانی ئەمریکا ببنەوە. ریژیمی کۆماری ئیسلامی تا ئیستا چەند جار فتوای شەرعیی وەك کەرەستەیەك بۆ پیکانی مەبەستە سیاسی‌یەکانی کەلکی وەرگرتوە. فتوای خومەینی بنیاتنەری نیزام دژی گەلی کورد لە ئیران لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئیران دا شەریکی خویناوی‌و پرخەساری لە کوردستان بە دواوە بوو.

## ئیعترازی ریکخراوی لیبووردنی نیونەتەوەیی بە برینەوەی ئەندامانی لەشی چوار لاو لە شیراز

ریکخراوی نیونەتەوەیی لیبووردن نیگەرانیی خۆی لە دەرچوونی حوکمی برینەوەی ئەندامانی لەشی ٤ لاوی ئیرانی لە لایەن دادگای شیرازەوە دەربری. ئەو چوارکەسە کە تەمەنیان لە نیوان ٢٢ تا ٢٣ سالەو بە تاوانی هەلگرتنی چەك دژی کۆماری ئیسلامی‌و دزی موحاکەمە کراون بە برینەوەی دەستی راست‌و لاقی چەپیان مەحکووم کراون. ریکخراوی نیونەتەوەیی لیبووردن، لە سالی رابردوو دا ٩ مەورید برینەوەی ئەندامانی لەشی تاوانبارانی بە حوکمی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی تۆماری کردوە. هەرچەند ژمارەی ئەو حوکمانە زیاتر لەوەن کە لە راپۆرتی ئەو ریکخراوە دا ئاماژەیان بۆ کراوە. بە دوای ئیعتیرازی ریکخراوە نیونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤ ئاخوند کەعبی، یەکیك لە ئەندامانی مەجلیسی خیبرەگان گوتی سزای برینەوەی ئەندامانی لەش لە پیویستی‌یەکانی یاسایەو ناتوانرێ بەدیلی بۆ دابنرێ. دەرچوون‌و بەریوە چوونی ئەو حوکمە دژی ئینسانییانە تا ئیستا نەیانتوانیوە لە ریژەی تاوان لە کۆمەڵگەی ئیراندا کەم بکەنەوە.


## خۆپیشاندانە ئیعترازی‌یەکانی مانگی رابردوو لە ئیراندا

رۆژی ٤ی بەفرانبار کریکارانی کارخانەی چینیی گیلان بۆ دەربرینی نارەزایەتیی خۆیان لە پیوەندی لەگەڵ وەدوا کەوتنی مووچەی مانگانەیان بۆ ماوەی چەند مانگ، لەبەردەم ئوستانداریی گیلان دا خۆپیشاندانیان وەرێ خست. لە دریژەی خۆپیشاندانەکە دا سەرۆکی سازمانی سەنایع‌و مەعادنی ئوستان هاتە نیو خۆپیشاندەران‌و هەولی دا بە وادەو بەلینی بەتاڵ بڵاوە بە خۆپیشاندەران بکا. بەڵام خۆپیشاندەران ملیان بە قسەکانی ناوبراو نەداو وتیان "وادەو بەلینی پووچ‌و بێ‌نیوەرۆك زگی برسیی ئیمە تیر ناکەن". هەر لەو رۆژەدا کریکارانی کارخانەکانی "درەخشان"ی شاری یەزد کە ماوەی ٦ مانگە مووچەو مانگانەیان وەدوا دراوە، رژانە سەر شەقامی چەمرانی ئەو شارەو خۆپیشاندانیکی بەرینیان وەرێ خست.

هەروەها رۆژی ١٥ی بەفرانبار کریکارانی کارخانەی لوولەسازیی شاری ئەهواز کە ماوەی ٩ مانگە مووچەیان وەرنەگرتوە، لەبەردەم ئوستانداریی ئەو شارەدا خۆپیشاندانیکی بەرینیان وەرێ خست.

لە زیندانی ناوەندیی شاری ئەهوازیش دا زیاتر لە ٣٠٠ زیندانی بە مەبەستی ئیعتراز بە حوکمی ئیعدامی زیندانی‌یەك، تەخت‌و پەتووەکانیان ئاور تێبەرداو بەمجۆرە ئیعترازی خۆیان دەربری، ئەم زیندانیانە لەگەڵ هیرشی زیندانڤانەکان دا بەرەوروو بوونەوە.

## توندرەوە ئیسلامی‌یەکانی ئەلجەزائیر دەیان مەئمووری دەولەتیان کوشت




هیرشە چەکداری‌یەکەی ئیسلامی‌یە توندرەوەکانی ئەلجەزائیر سەدان کوژراوی غەیرە نیزامیی لێ کەوتەوە. لە ئاکامی ئەو پەلامارەی رۆژی ١٥ی بەفرانبار دا کە لە لایەن ئیسلامی‌یەکانەوە کرا، ٤٣ کەس لە هیزە ئینتیزامی‌و ئەمنییەتی‌یەکانی ئەو وڵاتە کوژران‌و ١٩ کەسیش بریندار بوون. توندو تیژی‌و ئالۆزیی نیوخۆی ئەلجەزائیر کە زیاتر لە ١٠ سالە دەستی پێ‌کردوە تا ئیستا زیاتر لە ١٠٠٠ کوژراوی لێ کەوتۆتەوە. ناکۆکی‌یەکان لە نیوان گرووپە توندرەوە ئیسلامی‌و هیزەکانی دەولەت دا روو دەدا.

## حوکمی ئیعدامی لاویکی ١٩ سالە بە تاوانی خواردنەوەی ئارەق

بیدادگایەکی ریژیم لە شاری رەی دا، لاویکی ١٩ سالەی بە ناوی داوود بە تاوانی خواردنەوەی ئارەق بە ئیعدام مەحکووم کردوە. بە پیی قانوونی ریژیمی کۆماری ئیسلامی، هەرکەس ٣ جار مەشرووب بخواتەوەو دانی پیدا بنێ، سزاکەی ئیعدامە. یاسای سزاکانی کۆماری ئیسلامی کە بە ناوی ئیسلامەوە بەریوە دەچن. رۆژبەرۆژ زیاتر هەستی بیزاریی خەلك دەبزوینن. رۆژی ٢١ی بەفرانبار هیزی ئینتیزامیی ریژیم لە ئوستانی فارس گویگرتنی کاسیتەکانی مووسیقی لە نیو ماشین دا قەدەغە کردوەو پیی لەسەر ئەوە داگرتوە کە ئەو بریارە نەوارە ئیزن پێدراوەکانیش "مجاز" دەگریتەوە. ئەو یاسایە هەموو ماشینەکان‌و دووکانەکانیش دەگریتەوە.

## تەلەڤیزیۆنی فەزایی ئەلجەزیرە ٤٨٠ پیرسونیلی هەیە، دەنگ‌و رەنگی ئیران ١٨٠٠٠ کەس




کومیسیۆنی بوودجەی مەجلیس لە گەڵاڵەی بوودجەی سالی ٨٢ دا وای داناوە کە دەنگ‌و رەنگی ئیران ٧٠ میلیارد تمەن داهاتی ببێ. بەڵام دەنگ‌و رەنگی ئیران بەرانبەر بەو گەڵالەیە نارەزایەتی دەربریوە. نوینەری کومیسیۆنی بوودجە وتوویەتی، ئەگەر دەنگورەنگی ئیران بە ئینحساری بوونی خۆیەوە نەتوانێ ئەو برە داهاتەی هەبێ، ئەوە نیشانەی نەبوونی بەریوەبەرایەتیی باش‌و زەعفی مودیرییەتی ئەو ریکخراوەیەو نابێ خەلك تاوانی ئەوان وەستۆ بگرن. لقەکانی دەنگ‌ورەنگی ئیران کە لە هیندیك شارەکانی کوردستانیش دامەزراون، بەردەوام لە خزمەتی سیاسەتەکانی ریژیم دابوون‌و بەرنامەکانی بێ‌نیوەرۆك‌و تەنانەت لە دژایەتیی لە گەڵ دابونەریت‌و داخوازی‌یەکانی کۆمەڵانی خەلکی کورد دان. پیویستە بگوترێ رایەلکەی جیهانیی ئەلجەزیرە وەك شەبەکەیەکی بەناوبانگی جیهانی ٤٨٠ کارمەندی هەیە، بەڵام دەنگ‌و رەنگی ئیران ١٨٠٠٠ کارمەند کاری تیدا دەکەن‌و ساڵانە بوودجەیەکی زۆر هەلدەلووشن.

### ئیرانی‌یەکان لە ٢٠ سالی را تووشی خەمۆکی دەبن

رۆژنامەی "انتخاب" لە راپۆرتیك دا نووسیویەتی: "لە حالیك دا تەمەنی تووشبوان بە نەخۆشیی خەمۆکی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان دا لە سەرووی ٤٠ سالی دایە، ئەو نەخۆشی‌یە دەروونی‌یە لە نیو خەلکی ئیران دا لە تەمەنی خوارەوەو لە دەوروبەری ٢٠ سالی‌دا سەر هەڵدەدا." سیاسەتی زەبرو زەنگ‌و سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لاوەکانی لە دریژەدان بە ژیان‌و داهاتوو هیوا براوو دلسارد کردۆتەوە. دوکتور "بهروز بیرشەك" ئەندامی لیژنەی زانستیی ئەنیستیتۆی رەوانپزیشکیی ئیران وتی: ١٣ تا ٤٠ لە سەدی حەشیمەتی ئیران لە بیست سالی رابردوو دا تووشی تیکچوون‌و ئالۆزیە دەروونی‌یەکان بوون.

## بێ‌ئاکامیی وتوویژی ئیران‌و ئازەربایجان

نوینەری تایبەتیی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری دەریای خەزەردا پاش دوو رۆژ وتوویژو گەنگەشە لەسەر ریژیمی حوقووقیی دەریای خەزەر لەگەڵ بەرپرسانی ئازەربایجان لە شاری باکۆدا، بە بێ هیچ دەسکەوتیك رۆژی ٢٤ی بەفرانبار گەرایەوە ئیران. گیروگرفتی سەرەکیی ریژیمی ئیسلامیی ئیران لە نەبوونی "تمرکز" لە دارشتنی بەرنامەو پلانی سیاسەتی دەرەوەی ئیرانەوە سەرچاوە دەگرێ کە وەزارەتی کاروباری دەرەوە، شورای بەرزی ئەمنییەتی میللی، مەجلیس‌و ریبەری نیزام رۆلی تێدا دەبینن. ناوبراو وتی: وەزارەتی دەرەوە بریاردەرو داریژەری سیاسەتی دەرەوەی ئیران نیە.

پاشماوەی:

## کاریکاتۆریك کە برای بە گژ برادا کرد!!

مستانیان بۆ سەر شەقامەکان‌و هەم بەهۆی رۆژنامەکانیانەوە، رۆژنامەو رۆژنامەنووسە ریفۆرمخوازەکان‌و هیندیك لەو ریفۆرمخوازە حکوومەتییانە کە هیشتا سەرە پەتیکیان بە دەستە، دایە بەر هیرشی تەبلیغاتی‌و هەرەشە لی کردن. خۆ لە کەسیش شاراوە نیە کە بەوەندە واز ناهینن‌و لەم هەللاو هەنگەمەیەی وەرییان خستوە بۆ بەرەوپیش بردنی مەبەستە دژ بە ئازادییەکانیان زۆرترین کەلك وەردەگرن.

ئیستا بۆچی کاریکاتۆریك کە پیوەندیی بە کیشەی ٦٥ ساڵ لەمەوبەری سەرکۆماری ئەمریکاو بەرپرسانی قەزایی ئەو کاتی ئەو وڵاتەوەیە، مانای گاڵتە کردن بە خومەینی‌و لیك بڵاوبوونی کۆماری ئیسلامی دەگەیەنن، مەعلووم نیە! ئەگەر بەراستی دەسەڵاتپەرستانی فەرمانرەوا چارەنووسیکی ئەوتۆ بۆ خۆیان‌و ریژیمەکەیان پیش‌بینی ناکەن‌و، ئەگەر ئەو قسەیەی لە کوردەواری‌دا دەڵین "داری هەلینی سەگی دز دیارە" راست نیە، بۆچی بەم جۆرە لەم کاریکاتۆرە تێگەیشتوون.

بەراستی جیی خۆیەتی بلیین: ماشاللا لەو ریبەرەی کۆماری ئیسلامی هەیەتی! نەك هەر زاواکەی (شیخعەلی تارانی) بە ریبەرایەتیی ئەو ژنبرایەی رازی نیەو ئامادە بووە لە سەر موخالیفەت لەگەل ئەو جەنابە، دەسبەسەری‌و چوونە زیندان وەخۆ بگرێ، براکەشی (هادی خامەنەیی) تا ئیستا ددانی خیری بە ریبەری‌و دەسەڵات‌و فەرمانرەوایی سەید عەلی خامەنەیی‌و سیاسەت‌و کردەوەکانی قۆلەکەی ئەو (قۆلی توندرەو)دا نەناوەو لە هەر دەرفەتیك بۆ رەخنە لی گرتن‌و دژایەتی کردنیان کەلکی وەرگرتوە.

***

### لە باری کاریکاتۆرەکەی رۆژنامەی "حیات نو"وە:

کاریکاتۆریك کە رۆژنامەی "حیات نو" رۆژی چوار شەممە ٢٥ی بەفرانبار لە تەنیشت یەکیك لە وتارەکانی خۆی‌دا بڵاوی کردەوە، لە بارەی قازی‌یەکی ئەمریکایی‌یەوەیە کە لە کۆتایی‌یەکانی دەیەی ٣٠ی زایینی‌دا خانەنشین بووو ٥٥ ساڵ لە مردنی رادەبرێ. ئەو قازی‌یە "چالز ئاوانز هیوز" پایەبەرزترین قازیی دادگای بەرزی ئەمریکا لە دەیەی ٣٠ی زایینی‌دا بوو. لەو کاریکاتۆرەدا سەرکۆماری ئەمریکا فرانکلین رۆزویلت بە فشاری قامکی گەورەی، پشتی قازیی هیوزی چەماندۆتەوەو وەهای تیك شکاندوە کە جەنابی قازی گۆچانەکەی‌و تەرازووی عەدالەت‌و شمشیری قازیەتیی لە دەست بەر بوونەوە. ئەو کاریکاتۆرە کە سالی ١٩٣٧ کیشراوتەوەو ئیشارە بە ناکۆکی‌یە نیوخۆیی‌یەکانی ئەو کاتی ئەمریکا دەکا. لە نیوەی دووهەمی دەیەی ٣٠ی زایینی‌دا، زۆر لە ئەندامانی بە ساڵداچووی دادگای بەرز، بەربەرەکانیی رۆزویلتیان دەکرد. کۆنەپاریزان بە ریبەریی کەسانی بەنفووزی وەك هیوز (کە سالی ١٩٣٠ بەهۆی سەرۆك "هۆویر"ەوە کرا بە سەرۆکی دادگا)و ئەو ناوەندەیان لە پاوانی خۆیان گرتبوو، رۆزویلت گەڵالەیەکی دا بە کۆنگرە کە بە پیی ئەو، زۆر لە بەرهەلستکارەکانی کە بۆ هەتا هەتایە ئەندامی دادگای بەرز بوون، لە سەر ریی لادەچوون‌و قازیی جیگای متمانەی سەرکۆمار دەچوونە جیگایان. ئەو فشارەی لەم کاریکاتۆرەدا بۆ قازی "هیوز" هاتوەو لە پیی خستوە، لە ریگای ئەو گەڵالەیەی سەر کۆمارەوە بووە.

بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی ئەم کاریکاتۆرەوە دەتوانن بروانن ئادرەسی خوارەوە:

**http://www.ssa.gov/history/court.html**

**سەرچاوە: سایتی ئینتیرنیتیی "ایران امروز"**

# به‌یاننامه‌ی یه‌کیه‌تیی‌کرده‌وه بۆ دیمۆکراسی، سه‌باره‌ت به هه‌لبژاردنی شووراکانی شارو دێ

**خه‌لکی ئازادیخوازو خه‌باتگیری ئیران!**
**کریکاران، زه‌حمه‌تکیشان!**
**مامۆستایانی قوتابخانه‌و زانکۆ، خویندکاران!**
**ژنان‌و پیاوانی دلیری گه‌لان‌و نه‌ته‌وه‌کانی نیشته‌جیی ئیران!**

بۆ جاری دووهه‌م له میژووی کۆماری ئیسلامی‌دا، هه‌لبژاردنی شووراکانی شارو دێ له مانگی ره‌شه‌مه‌ی ئه‌مسالدا به‌ریوه ده‌چێ. چوارسال له‌مه‌وبه‌ر، هه‌لبژاردنی شووراکانی شارو دێ له هه‌لومه‌رجیکی نادیموکراتی‌دا که به سه‌ر ته‌واوی هه‌لبژاردنه‌کانی حکوومه‌تی ئیسلامی‌دا زاله‌و له‌ویان‌دا ته‌نیا حیزبه حکوومه‌تی‌یه‌کان مافی به‌شدارییان هه‌یه‌و حیزب‌و ریکخراوه‌کانی دیکه له مافی هه‌لبژیران بێ‌به‌شن، به‌ریوه چوو. به‌م حاله‌ش‌و به‌و هیوایه‌ی که که‌سانی باوه‌رپیکراوی خه‌لك ببنه نوینه‌ری خه‌لك له نیو شووراکان‌و ئیراده‌ی نه‌هاده هه‌لبژیردراوه گه‌لی‌یه‌کان به‌سه‌ر هه‌لبژاردن‌دا زال ببێ، پیشوازی له‌و هه‌لبژاردنه کرا. به‌لام له کرده‌وه‌دا ئه‌م شوورایانه له لایه‌ن ئۆرگانه جۆراوجۆره‌کانی سه‌ربه ناوه‌نده‌کانی ده‌سه‌لات هه‌ر له نوینه‌رایه‌تی‌یه‌کانی وه‌لیی فه‌قیهه‌وه بگره تا ئاخوندی فلان گوند گه‌مارۆ دران، و له لایه‌کی دیکه‌وه ده‌سه‌لاتی سنووردارو به‌رته‌سکی شووراکان‌و ده‌ستیوه‌ردانی ده‌وله‌ت له کاروباریان‌دا، گۆره‌پانی کارکردنیان لی‌ته‌نگ کردنه‌وه‌و له ئاکام‌دا کارنامه‌یه‌کیان جگه له شکست له دوای خۆیان به جێ نه‌هیشت.

چاره‌نووسی شووراکانیش وه‌ك سه‌رجه‌م ئۆرگانه هه‌لبژیردراوه‌کان له کۆماری ئیسلامی‌دا، ته‌نانه‌ت له چوارچیوه‌ی حکوومه‌ت‌و سه‌رچاوه‌گرتوو له هه‌لبژاردنه‌کانی ژیر کۆنترۆلی حکوومه‌تیش‌دا، ئاکامیکیان جگه له ده‌سته‌وه‌ستان‌و دۆران له به‌رامبه‌ر ناوه‌نده هه‌لنه‌بژیردراوه‌کانی ده‌سه‌لات‌دا نه‌بوو.

ئه‌گه‌ر دوای هه‌لبژاردنی ٢ی جۆزه‌ردان‌دا لای هیندێ که‌س ئه‌م گومانه دروست بوو که له ریگای ده‌نگی ئیوه‌و له ریگای هه‌لبژاردنه‌وه ئه‌گه‌ری پیکهینانی ئالوگۆر له حکوومه‌تی کۆماری ئیسلامی‌دا ره‌خساوه، به‌لام ده‌سه‌لاتدارانی ئه‌م حکوومه‌ته له ماوه‌ی ئه‌م چه‌ند ساله‌ی رابردوودا به سووربوون له سه‌ر کرده‌وه‌ی جینایه‌تکارانه‌ی خۆیان له قه‌تله زنجیره‌یی‌یه‌کانه‌وه بگره تا سه‌رکوتی خویندکاران‌و داخستنی رۆژنامه‌کان‌و زیندانی کردنی رۆژنامه‌نووسان‌و . . . هه‌موو ئه‌م خه‌یالانه هه‌ره‌سیان هینا. بانده فاسیده‌کانی ده‌سه‌لات که لای هه‌موو که‌س ناسراون، به ناوی حکوومه‌تی خوداوه کۆنترۆلی هه‌موو کاروباری ولاتیان گرته ده‌ست‌و بوونه هۆی شکستی ولات‌و ده‌ستگیر کردن، ده‌ستبه‌سه‌ر کردن‌و ئه‌شکه‌نجه‌و کوشتنی به‌رهه‌لستکاران‌و ته‌نانه‌ت ره‌خنه‌گرانی نیو حکوومه‌تیش.

**خه‌لکی خه‌باتگیری ئیران!**

ده‌نگی ئیوه نیشانده‌ری ئیراده‌ی ئیوه‌یه. ولاته‌که‌مان له هه‌لومه‌رجیك‌دا ده‌ژی که نابێ ئه‌م ئیراده‌یه ببیته گالته‌جاری ده‌ستی حکوومه‌تیك که دژی به‌رژه‌وه‌ندی‌یه‌کانی ئیوه‌یه. که‌واته:

له کاتیك‌دا که هه‌موو ئیمکاناتی ولات دژی ده‌نگی ئیوه‌و ویستی ئیوه به کار ده‌هینرێ. ده‌نگی ناره‌زایه‌تیی ئیوه‌ش ریاکارانه وه‌ك ده‌نگی پشتیوانی له سه‌ره‌رۆ ده‌سه‌لاتداره‌کان له قه‌له‌م ده‌درێ.

له هه‌لومه‌رجیك‌دا که نووسه‌ران‌و به‌رهه‌لستکارانی سیاسی له لایه‌ن مرۆڤکوژه حیرفه‌یی‌یه‌کانی حکوومه‌ته‌وه ده‌فریندرین‌و ده‌خرینه ژیر ئه‌شکه‌نجه‌وه.

له هه‌لومه‌رجیك‌دا که دادگاکانی ژیر ده‌سه‌لاتی وه‌لیی فه‌قیه، خه‌ریکی به‌چۆکداهینانی شه‌ریکه‌کانی خۆیان له ده‌سه‌لات دان. تا ته‌نانه‌ت ره‌خنه‌گرانی نیوخۆش چاوترسین که‌ن‌و به ده‌رکردنی حوکمی ئیعدام‌و ناچار کردنیان به خویندنه‌وه‌ی ته‌وبه‌نامه بیانکه‌نه په‌ند بۆ خه‌لکانی‌تر.

له هه‌لومه‌رجیك‌دا که باندی وه‌لیی فه‌قیه نه‌ته‌نیا شووراکان به‌لکوو ته‌نانه‌ت مه‌جلیسیشی به‌و هه‌موو ده‌نگه‌ی که ئیوه به نوینه‌ره‌کانی داتان، به چاوپۆشین له‌و هه‌له‌مه‌رجه نادیموکراتی‌یه‌ی که به‌سه‌ر هه‌لبژاردنه‌که‌ی‌دا زال بوو، به هۆی ئه‌وه که به‌دلی ئاخونده‌کان نه‌بوو، کردیانه ئامرازی ده‌ستی چه‌ند ئاخوندیکی کۆنه‌په‌رستی ئه‌ندامی شوورای نیگابان.

به‌شداریکردن له هه‌لبژاردن‌و ده‌نگدان، ئیتر مانای خۆی له‌ده‌ست داوه. ئه‌وانه‌ی ده‌سه‌لاتداری سه‌ره‌کین له حکوومه‌ت‌دا، به زمانیکی دیکه له گه‌ل ئیوه‌دا ده‌دوین‌و جگه له چه‌کی پیشیلکردنی مافه سه‌ره‌تایی‌یه‌کانی ئیوه له پیوه‌ندی له‌گه‌ل بریاردانی چاره‌نووسی ولات‌دا، زمانیکی‌تر ناناسن. ئه‌وان له ماوه‌ی ئه‌م چه‌ند ساله‌دا نیشانیان داوه که ئاماده نین ریز بۆ ده‌نگی ئیوه دابنین. هه‌موو به‌لگه‌و نیشانه‌کان ده‌ری ده‌خه‌ن که ده‌نگ‌و ئیراده‌ی ئیوه ده‌بێ به شیوه‌گه‌لی‌تر به‌سه‌ر ئه‌م بانده فاسیدانه‌دا بسه‌پیندرێ.

له‌وه‌ها هه‌لومه‌رجیك‌دا به‌شداری له هه‌لبژاردنی شوورا‌و کاندید بوون بۆ ئه‌م هه‌لبژاردنه هیچ مانایه‌کی نیه‌و ته‌نیا ده‌بیته هۆی به‌هیزکردنی ئه‌م حکوومه‌ته سه‌رکوتکه‌ره.

ئیمه له که‌سانی پاوه‌رپیکراوی ناوچه‌کان‌و هیزه خه‌لکی‌یه‌کانی ولات داوا ده‌که‌ین له‌م هه‌لبژاردنه‌دا به‌شداری نه‌که‌ن، چونکه به‌شداریکردن له گه‌مه‌ی هه‌لبژاردن له‌م هه‌لومه‌رجه قه‌یراناوی‌یه‌ی ئیستادا بیانوویه‌که بۆ ریزنه‌گرتن له مافه‌کانی خه‌لك‌و به‌ربلاوترکردنی سه‌رکوت‌و سه‌ره‌رۆیی له لایه‌ن حکوومه‌ته‌وه. هه‌روه‌ها داواکارین که دژایه‌تیی خۆیان له‌گه‌ل هه‌لومه‌رجی زال به سه‌ر ولات‌و زیده‌تر بوونی گیران‌و ئه‌شکه‌نجه له‌م سالانه‌ی دوایی‌دا راگه‌یه‌نن‌و بازاری هه‌لبژاردنه بێ‌نیوه‌رۆکه حکوومه‌تی‌یه‌کان له‌رمین بخه‌ن.

**خه‌لکی ئازادیخوازو خه‌باتگیری ئیران!**
**کریکاران، زه‌حمه‌تکیشان!**
**مامۆستایانی قوتابخانه‌و زانکۆ، خویندکاران!**
**ژنان‌و پیاوانی دلیری سه‌رجه‌م گه‌لان‌و نه‌ته‌وه‌کانی نیشته‌جیی ئیران!**

به دلنیایی‌یه‌وه ده‌توانین بلیین ریفورمیسته حکوومه‌تی‌یه‌کان که له ده‌نگدانی ئیوه له چه‌ند هه‌لبژاردنی رابردوودا قازانجیکی زۆریان ده‌ست که‌وت‌و ئیستا خۆیان له زه‌لکاوی سه‌رکوتی ویلایه‌تی فه‌قیه‌دا چه‌قیون، جاریکی دیکه داواتان لی‌ده‌که‌ن که بازاری هه‌لبژاردنیك گه‌رم بکه‌ن که تا ئیستا هیچ ده‌سکه‌وتیکی جگه له پاشه‌کشه‌ی ترسه‌نۆکانه‌ی ئه‌وان له به‌رامبه‌ر بانده‌کانی سه‌رکوت‌و جینایه‌ت‌داو هه‌روه‌ها شکاندنی به‌لینه‌کانی خۆیانی به‌دواوه نه‌بووه. ئه‌وان هه‌میشه له‌م سالانه‌دا په‌یمانی پاراستنی ئه‌م ریژیمه فاسیده‌یان نوێ کردۆته‌وه‌و خزمه‌تیان پێ‌کردوه، به‌لام ته‌نانه‌ت جاریکیش پییان له‌سه‌ر بچووکترین ویستی ئیوه دانه‌گرتوه. هیله سووره‌کانی ئه‌وان هه‌میشه پاراستنی شانوشکۆی ویلایه‌تی فه‌قیه‌و ریژیمه‌که‌ی بووه که بوونی ئه‌وان هه‌ر له‌جێ‌دا به مانای ره‌ت کردنه‌وه‌ی ده‌نگ‌و ئیراده‌و حکوومه‌تی سه‌رچاوه‌گرتوو له ئیراده‌ی ئیوه‌یه.

گومانی تیدا نیه که شووراکان ئامرازی ده‌سه‌لاتی راسته‌وخۆی ئیوه‌ن له ژیانی کۆمه‌لایه‌تی‌داو به کورتی ئامرازی وه‌دیهینانی خۆبه‌ریوه‌به‌ریی ئیوه‌ن. ئه‌م شوورایانه‌ی ئیستا زۆر له‌م ئامانجه دوورن‌و به هۆی هه‌زاران کۆت‌وبه‌ندی قانوونی‌و ناقانوونی‌یه‌وه ده‌ست‌و پییان به‌ستراوه‌ته‌وه. ئه‌زموونی ئه‌و یه‌ك دووره‌یه‌ی شووراکان ده‌ری خست که چه‌نده له‌وه‌ها پۆتانسیه‌لیك دوورن‌و ناتوانن له‌م هه‌لومه‌رجه قه‌یراناوی‌یه‌ی ئیستادا ببنه هۆی لاوازبوونی سه‌ره‌رۆیی، به‌لکوو به پیچه‌وانه‌وه ده‌بنه ئامرازی ده‌ستی ئه‌وان بۆ ره‌وایی پیدان به پایه‌کانی ده‌سه‌لات.

مه‌رجی به‌شداریکردن له هه‌لبژاردن‌دا راده‌ی کاریگه‌ری له‌سه‌ر ره‌وتی بریاردان له ولات دایه.

له هه‌لومه‌رجی ئیستای ولات‌دا، حکوومه‌تی ئیسلامی، چ قۆلی وه‌لیی فه‌قیه به کرده‌وه سه‌رکوتکه‌رانه هه‌مه‌لایه‌نه‌کانی‌یه‌وه‌و چ ریفورمیسته حکوومه‌تی‌یه‌کان به‌و هه‌موو ترس‌وله‌رزه‌ی که له ئه‌گه‌ری زالبوونی خه‌لك به‌سه‌ر ره‌وته‌که‌دا دای گرتوون، ریژه‌ی کاریگه‌ربوونی ده‌نگی هاوولاتییانی کردۆته‌وه هیچ. بۆیه ده‌بێ له هه‌لومه‌رجیکی وادا له هه‌لبژاردنی شووراکان‌دا به‌شداری نه‌که‌ین.

کاتی ئه‌وه‌یه که ئیراده‌ی سه‌ربه‌خۆی ئیوه بۆ بریاردان له‌سه‌ر چاره‌نووسی ولات، ئه‌م هه‌لبژاردنه بکاته شانۆی دۆران‌و شکست بۆ حکوومه‌ت له ته‌واوه‌تی خۆی‌داو ئاسۆگه‌لیکی دیکه پاش رووخانی حکوومه‌تی سه‌ده‌کانی نیوه‌راستی ئیسلامی وینا بکا.

**یه‌کیه‌تیی کرده‌وه بۆ دیموکراسی**
**١٧ی به‌فرانباری ١٣٨١**
**٧ی ژانویه‌ی ٢٠٠٣**

پیکهاتوو له:
ریکخراوی یه‌کیه‌تیی فیدائییانی گه‌لی ئیران
حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران
ریکخراوی کریکارانی شۆرشگیری ئیران ـ ریگای کریکار

# به‌ره‌و ته‌حریمی هه‌لبژاردنی شووراکانی شارو دێ

خالید

هه‌لبژاردن وه‌ك ده‌سکه‌وتیکی ئینسانی‌و به‌رهه‌می ره‌وتی دیموکراسی، ئه‌ورۆ بۆته به‌رچاوترین پیوانه بۆ یه‌کلاکردنه‌وه‌ی کیشه‌کان، خواسته‌کان، ره‌وایی‌و ناره‌وایی مه‌شرووعییه‌تی ده‌سه‌لات‌و ناوه‌نده‌کانی بریاردان‌و هه‌روه‌ها ئامرازیکی ئاشکراشه بۆ تیگه‌یشتن له رای گشتیی خه‌لك له سه‌ر چاره‌نووسی خۆیان. ئه‌م ده‌سکه‌وته نوێیه سه‌ره‌تا له لایه‌ن زۆر له مه‌کته‌ب‌و ئیدئۆلۆژیه باوو چه‌سپاوه‌کانی کۆمه‌لگاوه دژایه‌تی له‌گه‌ل ده‌کرا.

به‌شیك له چه‌په‌کان هه‌لبژاردنیان به دیارده‌یه‌کی بورژوازی ده‌دایه قه‌له‌م‌و وه‌ك ده‌مامکیك بۆ شاردنه‌وه‌ی "تضاد طبقاتی" ناویان ده‌برد. پاشان که ملیان بۆ ئه‌م ده‌سکه‌وته ئینسانی‌یه راکیشا، هه‌لبژاردنیان وه‌ك ره‌وایی پیدان به ده‌سه‌لات خسته کار.

ئه‌تۆبیهاری کومۆنیستی مه‌جارستانی نووسی: "له هه‌لبژاردن‌دا ئیراده‌ی کریکاران خۆ نیشان ده‌داو شویندانه‌ر ده‌بێ له سه‌ر ئۆرگانه ده‌وله‌تی‌یه‌کان." ئیسلامی‌یه‌کانیش پاش به‌ربه‌ره‌کانێ‌یه‌کی خویناوی به بێ وه‌رگرتنی فه‌رهه‌نگی هه‌لبژاردن، ملیان بۆ هه‌لبژاردن راکیشاو له هه‌لبژاردن وه‌ك ماشینی کۆکردنه‌وه‌ی ده‌نگ بۆ ره‌وایی‌پیدان به ده‌سه‌لاته‌کانیان که‌لکیان وه‌رگرت. هه‌لبژاردن له ولاتانی دواکه‌وتووو یه‌ك له‌وان ئیران، کارنامه‌یه‌کی گالته‌جارانه‌ی هه‌یه. له ئیرانی ژیر ده‌سه‌لاتی کۆماری ئیسلامی‌دا تا ئیستا زیاتر له ٢٠ جار هه‌لبژاردن به‌ریوه چوون که ده‌توانین ئاماژه بکه‌ین به ٨ جار هه‌لبژاردنی سه‌رکۆمار، شه‌ش جار هه‌لبژاردنی مه‌جلیس، سێ جار هه‌لبژاردنی مه‌جلیسی خۆبره‌گان‌و جاریکیش هه‌لبژاردن بۆ شووراکان کرا که وا بریاره له ره‌شه‌مه‌ی ئه‌مسالیش‌دا ده‌وری دووهه‌می هه‌لبژاردنی شووراکانی شارو دێ به‌ریوه بچێ. ئه‌گه‌ر هه‌لبژاردن به نوینگه‌ی ئیراده‌ی خه‌لك به حیساب بین (که‌وایه) ده‌توانین بلیین که له هیچ کام له‌م به‌ناو هه‌لبژاردنانه‌دا ئیراده‌ی خه‌لکی نه‌یتوانیوه به‌و جۆره که پیویسته به‌سه‌ر حاکمییه‌ت‌دا بسه‌پێ. دیاره لیره‌دا ئه‌گه‌ر باس له هه‌لبژاردن له ئیرانی ژیر ده‌سه‌لاتی کۆماری ئیسلامی‌دا ده‌که‌ین ده‌بێ چه‌مکی "اسلامیت"ی ریژیم له ده‌ره‌وه‌ی بازنه‌ی هه‌لبژاردن دابنیین. چونکه به ئیعترافی ریبه‌رانی ریژیم، ئیسلامییه‌تی ریژیم مه‌شرووعییه‌تی خۆی له ریبه‌ری ریژیمه‌وه وه‌رده‌گرێ که وه‌ك نوینه‌ری خوا له‌سه‌ر زه‌وی‌و له ده‌ره‌وه‌ی بازنه‌ی هه‌لبژاردن دایه. که‌واته له دوو چه‌مکی لیك‌گریدراوی "جمهوریت"و "اسلامیت"ی ریژیم، ته‌نیا له چوارچیوه‌ی "جمهوریت"ی ئه‌م پیکهاته سه‌یره‌یه که هه‌لبژاردن ئه‌ویش بۆ هیندیك له ناوه‌نده‌کانی بریاردان ده‌کرێ. به سه‌رنجدان به ناکاریگه‌ریی ئاکامی هه‌لبژاردنه‌کانی پیشوو له‌سه‌ر ناوه‌نده هه‌لبژیردراوه‌کان، ده‌توانین بلیین که "جمهوریت"ی نیزامییش کۆپی‌یه‌کی دیکه‌یه له "اسلامیت"ی ریژیم.

که باس له ناکاریگه‌ریی هه‌لبژاردن له‌و ریژیمه‌دا ده‌کرێ، ده‌بێ راستی‌یه‌ك له‌به‌ر چاو بگیردرێ. ئه‌ویش ئه‌وه‌یه که کاریگه‌ر بوون‌و ناکاریگه‌ریی ئاکامی ده‌نگدانه‌کان له جیگۆرکیی کۆمه‌لیك مۆره‌و سیما له بازنه‌ی حاکمییه‌ت‌دا نیه که له رۆژانی هه‌لبژاردن‌داو له لایه‌ن شوورای نیگابانه‌وه ته‌حویلی خه‌لك ده‌درین، به‌لکوو له جیگیربوونی ئه‌و ئیراده‌و داخوازی‌یه گشتی‌یه‌یه که له سه‌ندووقه‌کانی ده‌نگدانه‌وه سه‌ر ده‌ر دینێ. ئه‌گینا ریژیمی ئیسلامی هه‌میشه کۆمه‌لیك مۆره‌و سیمای ناکارامه‌و تاقی‌نه‌کراوی به ده‌سته‌وه‌یه که له هه‌ر هه‌لبژاردنیك‌دا هیندیکیان ده‌خاته روو. جیگیربوونی هه‌رکام له‌و مۆرانه ـ با به هه‌لبژاردنیش بێ ـ له پۆسته کلیدی‌یه‌کان به مانای نۆژه‌نکردنه‌وه‌و له‌به‌ر چاو گرتنی رای گشتیی ده‌نگده‌ران به‌سه‌ر ئه‌م پۆسته کلیدییانه له دارشتنی به‌رنامه‌یه‌کی نوێ بۆ چاکتر هه‌لسووراندنی کارو باره‌کانیان نیه، به‌لکوو هه‌روه‌ك ده‌رکه‌وتووه ته‌نیا مه‌به‌ست کورتکردنه‌وه‌و به‌رته‌سك کردنه‌وه‌و به هیند نه‌گرتنی رای ده‌نگده‌رانه. ئه‌مه خه‌سله‌تی هاوبه‌شی سه‌رجه‌م ئه‌و حکوومه‌ته نادیموکراتیانه‌یه که ملیان بۆ هه‌لبژاردن راکیشاوه. له‌م جۆره هه‌لبژاردنانه‌دا ئه‌وه رای گشتی خه‌لك نیه که خۆی به‌سه‌ر حاکمییه‌ت‌دا ده‌سه‌پینێ، به‌لکوو سه‌پاندنی ویستی بێ‌سنوورو له‌بران نه‌هاتووی حاکمییه‌ته که له راده‌ی راکیشانی خه‌لکی بۆ سه‌ر سه‌ندووقه‌کانی ده‌نگدان خۆ ده‌رده‌خا.

به‌و حاله‌ش بانگه‌شه‌کردن بۆ خۆ پالاوتن له‌و جۆره هه‌لبژاردنانه‌دا، له ژیر هه‌ر ناوو برو بیانوویه‌ك‌دا پاساو بدرێ، به واتای قبوولکردنی ئه‌و چوارچیوه‌ی بازی‌یه‌یه که حاکمییه‌ت بۆ پالاوتن‌و پالیوراوان له‌به‌ر چاوی گرتوه. قبوولکردنی ئه‌م بازنه‌یه‌ش به مانای ملکه‌چ بوون به‌و ریوشوینه یاسایی‌یانه‌یه که ریژیم بیست سال له‌مه‌و پیش دیاری کردوون. ملکه‌چ بوونیش به‌و ریوشوینانه‌و قبوولکردنی چوارچیوه‌ی کاری تیییان‌دا به مانای هه‌ولدان بۆ گۆرینیان نیه، به‌لکوو راست مه‌شرووعییه‌تدان‌و پاراستنیانه، چونکه خومه‌ینی گوته‌نی، شك‌و گومان له یاساکانی ئیسلام‌دا گه‌مژه‌یی‌یه.

**هه‌لبژاردنی شوورا ئیسلامی‌یه‌کان له کوردستان‌دا**

سه‌ره‌رای گالته‌جار بوونی ئه‌م هه‌لبژاردنانه، ریژیم رۆژانی ٩ تا ١٥ی به‌فرانباری بۆ ناونووسی که‌سانیك که ده‌یانه‌وێ به‌شداری له هه‌لبژاردنه‌کانی ده‌وره‌ی دووهه‌می شووراکانی شارو دێ که بریار وایه له ٩ی ره‌شه‌مه‌ی ئه‌مسالدا به‌ریوه بچن، بکه‌ن، دیاری کردوه. له‌م پیناوه‌دا بلیندگۆ ته‌بلیغی‌و چه‌واشه‌کاره‌کانی سه‌ر به قۆله‌کانی ریژیم که‌وتنه پروپاگه‌نده‌ی خه‌لك فریوده‌رانه له کوردستان‌و راکیشانی که‌سانیك بۆ خۆ کاندیدا کردنیان له شوورا ئیسلامی‌یه‌کانی شارو دێ‌دا. "به‌ره‌ی دووی جۆزه‌ردان له ئۆستانی کوردستان" بێ سه‌رنجدان به پرۆژه‌ی شکست خواردووی ده‌سه‌لاتیی شووراکان له ده‌وره‌ی یه‌که‌می ئه‌م هه‌لبژاردنانه‌دا داوایان له خه‌لکی کوردستان کرد که به گه‌رموگۆریی زیاتره‌وه له هه‌لبژاردن‌دا به‌شداری بکه‌ن. ئه‌م به‌ره‌یه وه‌ك بالیکی ده‌وله‌تی خاته‌می له حالیك‌دا داوا له خه‌لکی کوردستان بۆ به‌شداری له هه‌لبژاردن‌دا ده‌کا که بۆ خۆیان پیگه‌یه‌کیان له کوردستان‌دا نیه‌و پیش ئه‌وه‌ی به‌رهه‌می واقیعی کۆمه‌لگای کوردی بن، له‌راستی‌دا دریژکراوه‌ی قۆلی به‌ناو ریفورمخوازو ناهۆمیدو به بۆن‌به‌ست گه‌یشتووی نیو حاکمییه‌ته. بانگه‌وازی ئه‌م به‌ره‌یه بۆ راکیشانی خه‌لکی کورد بۆ سه‌ر سندووقه‌کانی ده‌نگدان پیش ئه‌وه‌ی له‌باوه‌ر بوونی ئه‌م قۆله‌وه به داخوازه‌کانی خه‌لکی کوردستان سه‌رچاوه‌ی گرتبێ، له‌و فشارانه‌وه سه‌رچاوه ده‌گرێ که له لایه‌ن رکه‌به‌ره‌کانی‌یه‌وه به‌ره‌و رووی ئه‌م قۆله بوونه‌ته‌وه، که ئه‌مه‌ش قه‌یرانی مه‌شرووعییه‌تی ریژیمی پتر ده‌رخستوه. بێ ئاگا له‌وه‌ی که گه‌رانه‌وه‌ی مه‌شرووعییه‌تیش به فریودان‌و راکیشانی زۆرملیی خه‌لك ده‌سته‌به‌ر نابێ.

له‌راستی‌دا ئاکامی هه‌لبژاردنه‌کانی ده‌وری یه‌که‌می شوورا ئیسلامی‌یه‌کانی شارو دێ‌و به واتایه‌کی دیکه کارنامه‌ی ئه‌م شوورایانه ده‌ریخست که ئه‌م شوورایانه به بوونی کۆمه‌لیك دامووده‌زگای داپلۆسینه‌ر بێ‌ده‌سه‌لاتتر له‌وه‌ن که له پیناوی ئامانجه‌کانی خه‌لکی‌دا هه‌نگاو بهاوین. له کوردستانی میلیتاریزه‌کراو، له کوردستانیك‌دا که هه‌ر رۆژه کۆمه‌لیك تیکۆشه‌ری دیموکرات ئیعدام ده‌کرین‌و هیرشی سیستماتیك بۆ سرینه‌وه‌ی فه‌رهه‌نگ‌و ناسنامه‌ی نه‌ته‌وایه‌تی له گۆرێ‌دایه‌و ناوه‌نده خه‌لکی‌و مه‌ده‌نی‌یه‌کان ده‌ره‌تانی خۆ نواندنیان نیه‌و تیکۆشانی حیزبه سیاسی‌یه‌کانی کورد قه‌ده‌غه کراوه، خۆ پالاوتن جگه له گالته‌یه‌کی ئاشکرا به چاره‌نووسی خه‌لکی کورد هیچ ده‌سکه‌وتیکی دیکه‌ی نابێ. خویندنه‌وه‌و هه‌لسه‌نگاندن‌و شرۆڤه‌ی چوار سال کاری شووراکان له ده‌وری یه‌که‌م‌دا ئه‌م راستی‌یه‌مان بۆ ده‌رده‌خا که ئه‌م

بۆ لاپه‌ری ١١

# ئایا نەخۆشیی ئەیدز قەیرانێکی ئابوورییشە؟

ئامادە کردنی: برایم چووکەلی

کۆمەڵگای پزیشکی بنەبرکردنی خوروکە (آبله) بە گەورەترین سەرکەوتنی خۆی لە نێو سەدەی رابردوودا دەزانێ‌و دۆزینەوەی نەخۆشیی ئەیدزو بڵاوبوونەوەی سامناکی ئەو نەخۆشی‌یە بە گەورەترین شکستی خۆی دادەنێ.

پەرەئەستاندنی رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتری ئەو نەخۆشی‌یە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەگەڵ کیشەیەکی گەورەو چارەسەر نەکرا بەرەورووو کردۆتەوە. لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا کومیتەی بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەیدز پێکهاتووە. لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا کۆنفرانسی لە سەر دەگیرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاماری توشبووان بەردەوام لە زیاد بوون دایە.

دوکتور "مینو محرز" پسپۆری نەخۆشی‌یە عفوونی‌یەکان‌و ئەندامی کومیتەی بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەیدز لە ئیران، ژمارەی گیرۆدە بووان بە ئەیدز لە دنیادا بە ٦٥ میلیۆن نەفەر دادەنێ کە ٤٠ میلیۆنیان بە سەختی دەژین‌و ٢٥ میلیۆن کەسیش گیانی خۆیان لە دەست داوە. باکووری ئەفریقا بە ٣٠ میلیۆن کەس زۆرترین توشبووانی لەخۆی‌دا جێ کردۆتەوە.

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئیران لە سەرەتادا کیشەی ئەیدزیان لە کۆمەڵگای ئیران بە هیند نەدەگرت‌و تەنانەت حاشایان لی دەکرد. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی "ئەیدز" بەخیرایی لە ئیران دا پەرە بستێنێ. هەر ئێستا لە ئیران ٤٠٠٠ کەس بە گیرۆدە بوون بە "ئەیدز" ناسراون، بەڵام ریژەی تووشبووان بە ٣٠ هەزار کەس مەزەندە دەکرێ.

سەرەرای ئەوەی کە زانیاریدان بە خەڵک‌و تیگەیاندنی بیرورای گشتی‌و ئاموورزشدان کاریگەری‌یەکی راستەوخۆو زۆر بەرچاوی لە پیشگیری‌و کۆنترۆڵی ئەو نەخۆشی‌یەدا هەیەو لە ئیرانیش کومیتەیەك بە ناوی کومیتەی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەیدز لە سالی ١٣٦٦وە پیك هاتووە، بەڵام لە کردەوەدا هەنگاویکی کاریگەر بۆ ئەم مەبەستە هەڵ نەهینراوەتەوە.

دیارە بڵاوکردنەوەی چەند برۆشورو پیشاندانی کورتە فیلمیك بۆ قوتابیان لە لایەن چەند ئۆرگانی غەیرە دەولەتی‌یەوە بە هیچ شیوەیەك ناتوانێ وەڵامدەری ئەو مەترسی‌یە بێ کە رۆژ بە رۆژ زیاتر پەرە دەستینێ.

نەخۆشیی ئەیدز گەلیك کیشەی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگای نیونەتەوەیی پیك هیناوە. کیشەی ئەیدزو زیانە ئابووری‌یەکانی بووە هۆی ئەوەی کە ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان هەنگاوی بە پەلەی بۆ هەڵ بگرێ‌و بەرنامەی بۆ داریژێ. سەرنجدان بە هەزینەی سەر سوورهینەری دەرمانی ئەیدز ئالۆزیی ئەو کیشەیەمان لە وڵاتانی جیهانی سیهەم‌و هەژاردا پتر بۆ دەردەخا.

خەرجی دەرمانی هەر کەسیکی گیرۆدە بە ئەیدز لە ساڵدا لە نیوان ١٢ تا ١٨ هەزار دۆلاردایە. دیارە لە هیندیك وڵاتانی هەژار وەك هیندو بریزیل لە ژیر کاریگەریی بنکەو بنیاتی غەیرە دەولەتی‌و ریکخراوەکانی پشتیوانی لە توشبووانی ئەیدز لەم ساڵانەی دواییدا، هەوڵ بۆ بەرهەم هینانی دەرمانی ئەیدز دراوە.

مەسەلەی پیشگیری‌و چارەسەری ڤیرووسی ئەیدز کیشەی ئابووریی بۆ زۆر وڵاتان پیك هیناوەو تەنانەت دەبینین لە کۆبوونەوەی (ریکخراوی بازرگانیی جیهانی) لە دۆحە، پیتەختی قەتەر دەرمان‌و چارەسەر کردنی نەخۆشی ئەیدز، تەوەری سەرەکی باسەکانی کۆبوونەوە بووەو هەر لەو کۆبوونەوەیەشدا مافی بەرهەم هینانی دەرمانی چارەسەری ئەیدز بە هیندیك لەو وڵاتانە درا کە بە شیوەیەکی بەربڵاو تووشی ئەو نەخۆشی‌یە بوون. بەڵام بەو مەرجەی تەنیا بۆ مەسرەفی نیوخۆیی بێ‌و مافی فرۆشتنیان بە دەرەوەی وڵات نەبێ.

لە لایەکی دیکەوە وڵاتی ئەفریقای باکوور کە زۆرترین ریژەی گیرۆدەبوانی ئەیدزی لەخۆیدا کۆ کردۆتەوەو توانایی بەرهەم هینانی دەرمانی چارەسەری هەیە، بەڵام ئیزنی بەرهەم هینانی پێ نەدراوە. لەو لاشەوە بریزیل یەکیك لەو وڵاتانەیە کە بە بەرهەم هینانی ٨ تا ١٢ جۆرە دەرمان بۆ چارە سەری ئەیدز توانیویەتی پێ بە پیی ئورووپا هەنگاو هەڵینیتەوەو ریژەی مردنی نەخۆشەکانی گیرۆدە بە ئەیدز تا رادەیەکی زۆر لە وڵاتەکەیدا کەم بکاتەوە. گەرچی کۆمپانیا گەورە چەند نەتەوەیی‌یەکان (شرکتهای چند ملیتی) بەرهەمهینانی دەرمان، کە بەرهەم هینەری ئەسلیی دەواو دەرمانی ئەیدزن‌و لەو ریگەوە قازانجیکی سەرسوورهینەرو یەکجار زۆر دەکەن.

لەم چەند سالەی دواییدا لە ژیر کاریگەریی بەربەرەکانیی ناوچەیی‌و "سیاسەتی بەدیل سازی" بۆ وینە وڵاتانی هیندو بریزیل ناچار بوون نرخی دەرمانەکانیان لە بازاری جیهاندا ١٠٪ بیهینە خوارێ. بەڵام سەرەرای ئەوەش لەگەڵ کەم کردنەوەی نرخەکە دەرمانی پیویست بۆ خەلکی گیرۆدە لە وڵاتانی هەژار دەست ناکەوێ. بۆ وینە توشبووان لە وڵاتانی ئورووپایی بۆ بەکار هینانی ئەو دەرمانانە لە مانگدا هەزار تا هەزارو پینج سەد دولار دەبێ هەزینە بکەن. ئیستا ئەگەر ئەو نرخە لە مانگدا ١٥٠ دۆلاریش بێ، دیسان لە وڵاتانی فەقیر بەهۆی پلەی نزمی خزمەتگوزاریی پزیشکی‌و لەشساغی‌و بوودجەی کەمەوە کە لە ساڵدا بە هەر کەس ١٠ دۆلار ناگا ناتوانن لەو دەرمانانە بکرن یا کەلکی لی وەرگرن.

هەر لەو کۆنفرانسەی لەم دوایانەدا لە سەر ئەیدز بەسترا، بە تیکرا داوا لە کۆمپانیاکانی بەرهەم هینەری دەرمانی ئەیدز کرا کە نرخی بەرهەمەکانیان بیننە خوارێ، بەڵام کۆمپانیاکان بەو بیانوویە کە دۆزینەوەی دەرمانی نوێ‌و لیکۆلینەوەو تاقیگەکان چەند میلیۆن دۆلار هەزینە هەڵ دەگرن، نرخی بەرهەمەکانیان شتیکی وا بەرچاو نەهینایە خوار. خەباتیی جیهانی دژ بە نەخۆشیی ئەیدز لە کردەوەدا بۆتە یەکیك لە بەرنامە سەرەکی‌یەکانی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. لە کۆنفرانسی ژوئەنی ٢٠٠١دا کە لە سەر ئەیدز بەستراو زۆربەی ریبەرانی پایە بەرزی وڵاتانی جیهان بەشدار بوون، بریار درا بۆ خەباتی دژ بە ئەیدز ساڵانە بری ١٠ میلیارد دۆلار بۆ ماوەی ١٠ ساڵ یارمەتی بدرێ بە وڵاتانی جیهانی سیهەم. بەڵام بە پیی قسەی کارناسانی کۆمیسیۆنی پیوەندیدار تا ئیستا هیچ کام لەو بریار دەرانە سەهمی دیاریکراوی خۆیان نەداوەتە ئەو سندووقە. لە لایەکی دیکەوەشەوە بانکی جیهانی بەو سیاسەتە ئابووری‌یەی لە بەردەم وڵاتانی هەژاری داناوە بە کردەوە زۆربەی دانیشتووانی لە لانیکەمەی ئەو ئیمکاناتە دەرمانی‌و بیهداشتی‌یەی کە لە وڵاتی خۆیاندا هەیە بێبەش دەکا. ئیستا بە لیکدانەوەی هەموو ئەو کیشە ئابوورییانەی کە ئەیدز لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی‌دا پیکی هیناوە پرسیاریك دیتە گۆری ئەویش ئەوەیە: دەرمان؟ یان پیشگیری؟ ریگای چارەی سەرەکی کامەیانە؟

بە سەرنجدان بەوە کە زۆربەی گیرۆدەکانیش لە وڵاتانی هەژارو کەم داهاتدا دەژین گرینگیی ئەو ئەسلە زۆرتر دەردەکەوێ کە روون‌و ئاشکرایە پیشگیریی، ریگای چارەی خەلکی هەژارە. هەر بۆیە دەبێ تیگەیاندن‌و ئاموزشی خەلك لە سەر چۆنیەتیی بڵاوبوونەوەو گیرۆدەبوون بەو نەخۆشی‌یەو هەروەها ریگاکانی پیشگیری، بەرنامەریژیی بۆ بکرێ‌و لە هەموو تواناکانی راگەیاندن‌و ئاموزش کەلك وەربگیردرێ.

⌑ ⌑ ⌑

**سەرچاوەکان:**

**١ـ بەرنامەی تەلەویزیۆنیی "میزگردی با شما" "رادیۆ دەنگی ئەمریکا ـ بەشی فارسی**

**٢ـ رادیۆ بی‌بی‌سی ـ بەشی فارسی**

**٣ـ سایتی ئینتیرنیتیی "اخبار روز"**

# راگرتنی سزای بەردەبارانی ژنان لە لایەن ریژیمەوە تاکتیکە نەك باوەر

*خەدیجە مەعزوور*

لە کاتیکدا قوربانعەلیی دوریی نەجەف ئابادی بەرپرسی دیوانی عەدالەتی ئیداری رای‌گەیاند کە شاهروودی بەرپرسی دەزگای قەزایی ریژیمی کۆماری ئیسلامی دەستووری راگرتنی بەریوەبردنی حوکمی سزای ئیعدام بەشیوەی بەردەبارانی بە گشت قازی‌یەکانی سەرانسەری وڵات داوە، کە وڵاتی ئیران لە ریزی سێ وڵاتی جیهان (چین، ئەمریکا، عەرەبستانی سعوودی) دایە کە رکۆردی ئیعدامی لەجیهاندا شکاندوە.

یەکیك لە شیوەکانی بەریوەبردنی سزای ئیعدام لە ئیرانی ژیر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا بەردەبارانی تاوانبارانە. ئەو شیوە سزایە زیاتر بۆ ئەو کەسانەو بەتایبەت ئەو ژنانە بەریوە دەبردرێ کە لە پیوەندی لەگەڵ کردەوەی داوین پیسی "زنا"دا مەحکووم بووبن. لە ئیراندا لە ریگای ئەم سزایەوە بە سەدان ژن ئیعدام کراون. سزای ئیعدام بە هەر شیوەیەك ئەنجام بدرێ، هەر مەرگو نەمانی بە دوایەوەو تالە. بەڵام سزای بەردەباران لە سزاکانی دیکە درندانەترو پر ئیش‌و ئازارترە. لەو بوارەدا هەمیشە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ رەخنەی ژنە چالاکە سیاسی‌یەکانی وڵات‌و کۆرو کۆمەلە مرۆڤدۆستەکاندا بەرەورووبووە کە بەردەباران کردنی ژنانیان بە کردەوەیەکی نامرۆڤانەو درندانە لە قەلەم داوەو بە توندی مەحکوومیان کردوەو داوای لابردنی ئەم شیوە سزایە لە کۆماری ئیسلامییان کردوە. سزای بەردەبارانی تاوانبار بیجگە لە ئەوەی سزایەکی وەحشیانەی سەدەکانی نیوەراستە، یەکیك لەو سزایانەیە کە نەتەنیا شوینی موسبەت‌و ئیسلاحی لە سەر تاوانبارانی کۆمەڵ نەبووە، بەلکوو شوینی خراپ‌و گەلیك مەنفیشی لە سەر بیرورای گشتیی خەلك داناوەو زیاتر رووماى دژی ئینسانیی کۆماری ئیسلامی‌و بەریوەبەرانی کۆنەپەرست‌و جینایەتکارەکانیشی دەرخستوە.

ئەو هەللاو هەنگامەی کە بەرپرسانی پایەبەرزی ریژیم لەم دوایانەدا لە دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی وڵاتدا، لەمەر راگرتنی سزای بەردەبارانی ژناندا وەرییان خستبوو، وە نەبێ لەبەر ئەمە بووبێ کە باوەریان بە مەسەلەی ژن‌و بەتایبەت لابردنی سزای بەردەباران ببێ. بەلکوو لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە ماوەیەکی زۆرە یەکیەتیی ئورووپا بۆ پەرەپیدانی پیوەندی‌یە هەمە لایەنەو بازرگانی‌و تیجاری‌یەکانی خۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا فشاری خستۆتە سەر ئەو ریژیمەو هیندیك مەرجی لەبەردەم داناوە. یەکیك لەو مەرجانەی یەکیەتیی ئورووپا وەبەرچاوگرتنی مافی مرۆڤ بەتایبەتی مافی ژنانەو لەوپیوەندی‌یەشدا قامکیان لە سەر لابردنی



سزای بەردەباران داناوە. هەر بۆیە پیویستیی نزیکبوونەوەی زیاتری ریژیم لە یەکیەتیی ئورووپاو ترس‌و خۆفی لە رادەبەدەر لە هەلویستی ئەمریکا بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ئاخوندە دەسەڵاتدارەکانی ناچار کردوە کە جارێ سزای بەردەباران راگرن تا بزانن لەداهاتوودا چ جۆرە سزایەکی دیکەی لە جیگای دابنین.

ئەگەر کۆماری ئیسلامی سزای بەردەبارانی نەك بۆ تاکتیك‌و بۆ مەبەستیکی تایبەتی‌و بەشیوەی کاتی‌و تەنیا لەبەر حورمەتی ژنان هەڵگرتووە دەبوو خەتیکی سووریش بەسەر دیە، جۆری شایەتیدان، میرات‌و مافی تەلاق‌و . . . راکیشابا. گومان لەوەدا نیەکە راگرتنی کاتیی بەردەباران لە بەرژەوەندی‌و مەسەلەحەتی دەسەڵاتبەدەستانەوە سەرچاوە دەگرێ‌و هەلومەرجی ناسکی ئیستا ئەوە دەخوازێ. دوور نیە هەر کە کەشوهەوای وڵات گۆرا، سزای بەردەباران جاریکی دیکە سەرهەل داتەوەو بیتەوە مەیدان. هەر دوور نەرۆین ماوەیەك لەمەوبەر کە ریژیم بە روالەت ئەم سزایەی راگرتبوو سزای بەردەباران بەئاشکرا بەریوەچوون.

بەراستی ئەگەر راگرتنی سزای بەردەباران لە باوەریکی قوولەوە سەرچاوەی گرتبا، دەبوو ریژیم بەیەکجاریی ئەو بەندەی کە پیوەندی بە بەردەبارانەوە هەیەو بەندەکانی دیکەی لەم چەشنە لە قانوونی ئەساسی‌دا سری باوەو وەلایان نابان. دروست نیە کەس گومانی لەوەدا هەبێ کە راگرتنی سزای بەردەبارانی ژنان هەرگیز بەو مانایە نیە کە کۆماری ئسلامی وازی لە نزیك بەچارەگە سەدەیەك جینایەت‌و کردەوەی دژی ئینسانیی خۆی‌و بەتایبەت دژی ژنان هیناوەو خەریکە ئالوگۆریکی باش‌و ئینسانی لەخۆیدا پیك دینێ‌و بەرەو شارستانیەت دەچێ‌و سیمای عەدالەتخوازی پیوە دەردەکەوێ. بە کورتی راگیرانی سزای بەردەباران لە لایەن ریژیمەوە نەتەنیا بۆ دلپیخۆشبوون نابێ، بەلکوو دەبێ لە داهاتوودا چاوەروانی توندو تیژتر کردنی شیوەکانی دیکەی سزادان لە لایەن ریژیمەوە بۆ کردنەوەی بۆشایی ئەم تاکتیکە تازەیە بین.

# گرتنی ٢٧٣ دەڵاڵ‌و واسیتە

راگەیەنە گشتی‌یەکانی ئیران هەوالی گیران‌و زیندانیکرانی ٢٧٣ دەڵاڵ‌و پارتیبازی پیوەندیدار بە دەزگای قەزایی‌یەوە، بڵاوکردەوە. کاربەدەستانی دەزگای قەزایی ریژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیران نەیانتوانی حاشا لە راستیی ئەم هەواڵە بکەن‌و دانیان پیدانا کە ئەم ٢٧٣ کەسەو ژمارەیەکی زۆر زیاتریش بوونەتە دەڵاڵ‌و پارتی لە نیوان خەلك‌و دەزگای دادوەری‌و بەشە جۆراوجۆرەکانی لە تاراندا‌و خەریکی وەرگرتن‌و بەرتیل دان بوون‌و لەم ریگایەوە کاری خەلکیان راپەراندوە.

دیارە بیگومان ژمارەی ئەم جۆرە کەسانە لە تاراندا زۆر زیاتر لەو ژمارە دەستگیر کراوەیەو ئەمەش بۆخۆی ئەو راستی‌یە نیشان دەدا کە دەزگای دادوەریی کۆماری ئیسلامیی ئیران، تا چ رادەیەك گەندەڵەو خەلك بەبێ سەرنج دان بە قانوون‌و وەبەرچاوگرتنی رەوتی قانوونیی کیشە حوقووقی‌یەکان، بە پیوەندی گرتن لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەو دانی بەرتیل، کاروباری قەزایی خۆیان بە قازانجی خۆیان‌و زەرەری ئەوانەی توانای بەرتیلدانیان نیە جیبەجێ دەکەن. ژمارەیەکی بەرچاو لەم کەسانەو ئەو نفووزو دەسەڵاتەی کە لە نیو بەشە جۆراوجۆرەکانی دەزگای دادوەری‌دا هەیانە، بە کردەوە بەشە جۆراوجۆرەکانی دەزگای دادوەرییان خستۆتە ژیر چنگی خۆیانەوە.

ئاشکرا بوونی ئەم راستی‌یە ئەوە دەسەلمینێ کە ئەو حوکمانەی لە لایەن بەشە جیاجیاکانی دەزگای دادوەری‌یەوە دەردەچێ تا چ رادەیەك دەتوانن عادیلانەو رەوا بن. سەرەرای ئەوە دەزگای قەزایی کە دەڵاڵ‌و پارتیبازەکان تیی‌دا بە دانی بەرتیل‌و بە دەمچەور کردنی کاربەدەستانی قەزایی بتوانن بە قازانجی بەرتیلدەران حوکم دەربچوینن، چۆن لە کاتیکدا کە بەستراوەیی بە تەواوی ئەم دەزگایە بە قۆلی پاوانخوازو دەسەڵاتپەرستی ریژیمەوە لە کەس شاراوە نیە، راسپاردەو فەرمانەکانی قۆلی ناوبراوی بۆ تۆلە سەندنەوەو سەپاندنی سزای گران بەسەر ئازادیخوازان‌و نەیارانی‌دا جیبەجێ نەکا. فەساد لە ریژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا بۆتە دیاردەیەکی گشتی‌و کیشەو گیروگرفتیکی گەورە، ئەوەش لە کاتیك دایە کە کۆماری ئیسلامی چاوەروانیی ئەوەی لە دەزگای قەزایی هەیە کە لەگەڵ دیاردەیەکی ئەوتۆدا بەربەرەکانی بکاو جیاکردنەوەی هەق لە ناهەقی خستۆتە دەست ئەو دەزگایە. وادیارە کە ریژیمی کۆماری ئیسلامی ئەرکی نەهیشتنی فەسادی بە فاسید سپاردوەو لە وەزعیکی واشدا هەر ئەوەی لی‌دەکەویتەوە کە دەیبینین.

# کوردستان و بزووتنەوەی ئیعترازی

## (سەرنجیك لە پەرەگرتنی حەرەکەتە ئیعترازی‌یەکان لە کوردستانی ئیران‌دا)

عەولا بەهرامی

**ئاماژە:**

**ئەمسالیش شارو ناوچەکانی کوردستانی ئیران دیمەنی نارەزایەتیی خەلکی وریاو نارازی لە سیاسەت و کردەوەکانی ریژیم لە کوردستانیان بە خۆیانەوە بینی. جگە لە ریورەسمەکانی سالی نویی هەتاوی کە لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان بەهۆی ریگەگرتنی هیزە سەرکوتکەرەکانی ریژیم لە بەریوەچونی ئەو ریورەسمانەو شادی دەربرینی خەلکی،بوونە دەرەتانیك بۆ نواندنی نارەزایەتی، لە مانگەکانی دیکەی ئەمسالیش دا ژمارەیەك لە شارو ناوەندە حەشیمەتی‌یەکانی کوردستان لەوانە: کرماشان، مەهاباد، سەردەشت، پیرانشارو سنە بوونەوە گۆرەپانی دەربرینی نارەزایەتی.**

بزووتنەوەی ئیعترازی لە کوردستان لە ماوەی دەسەلاتدارەتیی ریژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا خاوەنی رابردوویەکی دوورو دریژە. لە راستی دا ئەم بزووتنەوەیە سەرەتا وەك دژکردەوەیەك بەرانبەر دەستبەسەرداگرتنی دەسکەوتەکانی شۆرشی گەلانی ئیران‌و سەپاندنی سیستمیکی حکومەتیی دواکەوتووانە( ریژیمی ئیسلامی) دا دەستی پی‌کردو دواتریش لەگەل دریژبوونەوەی تەمەنی ئەم ریژیمە بو نیشاندانی نارەزایەتی بەرانبەر سیاسەتی دژایەتیی ریژیم لەگەل مافو ئازادی‌یەکانی گەلی کورد دریژەی کیشاو ئیستاش لە شکل‌و شیوەی جۆراوجۆردا دریژەی هەیە.

دیارە پیویستە ئەم مەسەلەیە روون بکریتەوە، کە قسە لە نارەزایەتی دەکری، نابی وای دابنیین کە مەبەست لە دەربرینی نارەزایەتی تەنیا هاتنە سەرشەقام‌و دانی دروشم دژی ریژیم یان سیاسەتیکی تایبەتیی ئەم‌ریژیمەیە، بەلکوو بزووتنەوەی نارەزایەتی شکل‌و شیوازی جۆراوجۆری هەیە: بەشداری نەکردن لە شانۆکانی هەلبژاردن،بەشداری نەکردنی دلخوازانە لە بۆنەو ریورەسمە حکوومەتی‌یەکان، هاوکاری نەکردن لەگەلْ هیزە سەرکوتکەرەکانی ریژیم، هەرکامەیان دەتوانن شکلیکی بزووتنەوەی ئیعترازی بن.

بەم پییە دەتوانین بلیین کوردستان لەماوەی دەسەلاتدارەتیی ریژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا گەورەترین‌و جیددی‌ترین ناوەندی نارەزایەتی دەربرین لەدژی ریژیم‌و سیاسەتەکانی بووە. هەنووکەش کە بزووتنەوەی نارەزایەتی لە ئاستی ئیران‌داو بە تایبەت لە زانستگەکانی ولات‌دا بە شیوەیەکی بەرچاو پەرەی گرتووەو ئاسایی‌یە کە بزووتنەوەی نارەزایەتی لە ناوەندە حەشیمەتی‌یەکانی کوردستانیش‌دا هەروا دریژەی هەبێ. چونکە هەروەك ئاماژەی پیکرا سیاسەتی دژ بە کوردی ریژیم لە کوردستان لە بەرامبەر مافخوازی گەلی کورد لە لایەك‌و لەلایەکی دیکەوە لەئارادابوونی بزووتنەوەیەکی سیاسیی شۆرشگیرانەش کە بە گورو بە تواناوە خەلکی کوردستان سەبارەت بە مافە زەوتکراوەکانیان‌و ناسنامە نەتەوایەتی‌یەکەیان هۆشیار دەکاتەوەو تەنانەت بۆ سازمان دان‌و ریکخستنیشیان تی‌کوشاوەو تی‌دەکۆشی، زەمینەی دەربرینی نارەزایەتیی پتری پیك هیناوە. کوردستان هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری ئەم ریژیمەوە ژینگەیەکی سیاسی بە گوروتین بووە و سروشتی‌یە لە ژینگەیەکی سیاسی ئەوتۆش‌دا رەخنەگرتن و نارەزایەتی نیشاندان وەك شیوازیك لە خەبات لە کوردستان دا بە شیوەیەکی زۆر جیاواز لە شوینەکانی دیکەی ئیران شکل بگری و پەرە بستینی.

پەرەگرتنی بزووتنەوەی نارەزایەتی لە کوردستان لەم سالانەی دوایی‌دا لەلایەك دەگەریتەوە بۆ ئەو هۆکارانەی ئاماژەیان پی کراو لەلایەکی دیکەوەشەوە دەگەریتەوە بۆ بەرزبونەوەی پلەی هۆشیاریی سیاسی‌و نەتەوایەتی لە کوردستان‌و ئەو رەوتە بەرینە نارەزایەتی‌یەی لە ئاستی سەراسەری داو بەتایبەت لە زانستگەکانی ولات دا لە گۆری دایە. بۆیە سروشتی‌یە کە زیاتر پەرەبگری‌و تا گەیشتن بە ئامانجە پلەیەکەکانی هەنگاوەکانی پتەوترو هەولەکانی ئامانجدارتر بی. ئاشکرایە بزووتنەوەیەك بەم تایبەتمەندییانەوە ویرای ئەوە دەتوانی هاوهەنگاو لەگەلْ جولانەوەی شۆرشگیرانەی کوردستان برواتە پیشی‌و لە وەدیهینانی ئامانجەکانی دا وەك هیزیکی لەبن نەهاتوو پالپشتیی بکا، دەشتوانێ نەخشیکی کاریگەری لە گۆرانکاری‌یە سیاسی‌یەکانی ولاتیش دا هەبێ.

***

ئەزموونی بزووتنەوە نارەزایەتی‌یەکان دەریان خستوە کە ئەم جۆرە بزووتنەوانە پیویستی‌یەکی جیددی‌و راستەوخۆیان بە ریبەرایەتیی سیاسی هەیە. بزووتنەوەی لەم جۆرە پیویستە بە پیی هەلومەرج و بارودۆخی سیاسیی زالْ، لە ئەزموون‌و تاکتیکەکانی ریبەرایەتی‌یەك کەلك وەرگری‌و بەم پییە هەموو هەنگاوو کردەوەکانی ریکخا بۆ ئەوەی لە ئامانجیکی سیاسیی دیاریکراو نیزیك بیتەوە. چونکە ناکری چاوەروان بین بزووتنەوەیەکی لەم چەشنە هەرچەند بەربەرینیش بی، بی بوونی ریبەری‌یەك بتوانی ئامانجیکی دیاریکراو بپیکی‌و بەپیی مکانیزمیك لە بیری دابین کردنی داهاتووەکەشی دابی. جیا لەمانە لەوانەیە بزووتنەوەیەکی بی‌ریبەرایەتی لە قۆناخیکی خەبات‌دا شیوەیەك بۆ نیشاندانی نارەزایەتی بگریتەبەر کە بەرهەمی باشی لی نەکەویتەوە یان بە پیچەوانە هەر رۆژە بە شیوەیەك و بەبی دیاریکردنی پلان‌و تاکتیکی گونجاو کار بکاو بکەویتە بازنەیەکی بۆشی ئەوتۆ کە خولانەوە تیی‌دا هیچ شتیکی لی شین نەبیتەوە.

بزووتنەوەی نارەزایەتیی کوردستان بەم پییە کە سروشت‌و تایبەتمەندیی ناوچەیی خۆی هەیە، ئاسایی‌یە کە بە رەچاوکردنی شیوەکانی نارەزایەتی دەربرین و شیوەی گریدانی خۆی بە بزووتنەوەی نارەزایەتیی سەراسەری، بە وردبینی‌یەوە بجولیتەوەو لەو جیگایانەدا کە پیویستە بۆ دەربرینی نارەزایەتی بە سیاسەت‌و هەلسوکەوتی ریژیم لەناوچەدا هەلویست بگری‌و لە هیندیك جیگاش‌دا کە بە پیی لیکدانەوەی ریبەرایەتی‌یە سیاسی‌یەکەی بە پیویست بزانری پشتیوانی‌و هاوئاهەنگی لەگەل بزووتنەوەی نارەزایەتیی سەرانسەری ولات دا بکا. دیارە جیگای خۆیەتی ئەم مەسەلەیەش روون بکریتەوە کە باس لە وردبینی لە هەلویست گرتنی بزووتنەوەی نارەزایەتی کوردستان دەکری مەبەست ئەوە نییەکە ئەرك‌و بەرپرسایەتی‌یەکانی ئەم بزووتنەوەیە لە بزووتنەوەی سەراسەری جیا کریتەوە یان یەکیان بکریتە پیشەنگی ئەوی تریان. بەلکوو تەنیا مەبەست دەس نیشان کردنی ئەم تایبەتمەندییانەیە کە لیرە دا دەتوانین وەك تایبەتمەندیی ژینگەی سیاسیی کوردستان‌و لەریگای ئەویشەوە بزووتنەوەی نارەزایەتیی کوردستان باسیان لیوە بکەین.

***

هەموو نیشانەکان ئاماژەی ئەوە دەدەن کە بزووتنەوەی ئیعترازی لە کوردستان بەهاتنە کایەی هیندیك هۆکاری وەك گەشەی وریایی سیاسی کۆمەلانی خەلکی کوردستان، شکل گرتنی بزوتنەوەی نارەزایەتی لە ئاستی سەراسەری‌دا، قوول بوونەوەی ئەو وەزعییەتە قەیرانی‌یەی کە ریژیمی دەسەلاتدار لە بوارە جۆراو جۆرەکان‌دا لەگەلی دەستەویەخەیەو سەرەنجام دووره دیمەنی گۆرانکاریی ناوچەیی هەنگاوی گەورەترو کاریگەرتر دەهاویژی. لیرە دایە ریبەرایەتی سیاسیی بزوتنەوەی کوردستان چاوەروانی لی‌دەکری لە نیزیکەوە لەگەل ئەم بزووتنەوەیە لە پیوەندی دا بی‌و لە لانی زۆری تواناو کارلیهاتوویی‌یەکەی بە قازانجی بەرەو پیش بردن‌و هینانەدی ئامانجە سەرەکی‌یەکانی خۆی کەلکی لی‌وەرگری. لەم پیوەندی‌یەش‌دا ناوەندەکانی راگەیاندنی جوولانەوەی سیاسیی کوردستان لە سەریانە کە لە نیزیکەوە ئاگاداری جموجۆلە نارەزایەتی‌یەکان بن‌و وەك چاوەروانییان لی‌دەکری لە ناساندن‌و دەستنیشان کردنی ئەرك‌و دروشمە سیاسی‌یەکان داو لە هاوئاهەنگ کردنی بزووتنەوە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دا، بە شیوەیەکی جیددی‌تر بجولینەوە.

> **هەموو نیشانەکان ئاماژەی ئەوە دەدەن کە بزووتنەوەی ئیعترازی لە کوردستان بەهاتنە کایەی هیندیك هۆکاری وەك گەشەی وریایی سیاسیی کۆمەلانی خەلکی کوردستان، شکل گرتنی بزوتنەوەی نارەزایەتی لە ئاستی سەراسەری‌دا، قوول بوونەوەی ئەو وەزعییەتە قەیرانی‌یەی کە ریژیمی دەسەلاتدار لە بوارە جۆراو جۆرەکان‌دا لەگەلی دەستەویەخەیەو سەرەنجام دووره دیمەنی گۆرانکاریی ناوچەیی هەنگاوی گەورەترو کاریگەرتر دەهاویژی.**

دریژەی:

## بەرەو تەحریمی هەلبژاردنی شووراکانی شارو دێ

شوورایانە بە تەواوی بێ دەسەلات بوون‌و ریبیان پێ نەدراوە تەنانەت هیندێ هەنگاوی چووکیش بۆ خەلك هەلیننەوە. لەو پیوەندی‌یەدا پیویستە ئەندامانی شووراکانی پیشوو بێ ئاکام‌بوونی کاری شووراکان رابگەینن‌و بێ‌سوودی بەشداری‌کردن لە بەناو هەلبژاردن‌دا دەربخەن. بیگۆمان خەلکی کوردستانیش لەو راستی‌یە ئاگادارن کە نوینەرانی ئەوان ئەو کەس‌و گرووپانەی نیو حاکمییەت نین کە غەمی سەرەکییان تەنیاو تەنیا پاراستنی ریژیمەکەیانەو بەس. بەلکوو نوینەرانی واقیعی ئەوان ئەو تیکۆشەرو کەسایەتی‌یە بە ئیعتبارانەن کە لە هەلبژاردنیکی ئازادو دیموکراتیك‌دا رەوانەی ناوەندەکانی بریاردان دەکرین، نەك ئەو کەسانەی کە وەك نوینەرو هاوردەی ریژیم بەسەر خەلك‌دا سەپاون‌و دەسەپینرین.

ئەگەر لە سەراسەری ئیران‌دا بە هۆی بوونی دەزگای جۆراوجۆری دەسەلات‌و دەستیوەردان لە کاروباری شوورادا دەبنە هۆی بێ‌دەسەلاتیی شووراکان، بەو حالەش شارەکانی کوردستان لیوانلیون لە داموودەزگای داپلۆسینەرو دژی گەلی‌و بە بوونی ئەو ناوەندانەش شووراکان چۆن دەتوانن رۆلیان لە پیراگەیشتن بە داخوازەکانی خەلك هەبێ؟و لە هەمووی گرنگتر کاری ئەم شوورایانە بە پیی کۆمەلیك ریساو قانوونی ئیسلامی داریژراون کە بە هیچ شیوەیەك داخوازەکانی خەلکی تییان‌دا چارەسەر ناکرێ‌و چوار سالْ کاری ئەم شوورایانە لە کوردستان دەریخست کە نە تەنیا ئەم شوورایانە ناتوانن کیشەکان چارەسەر بکەن، بەلکوو لە زۆربەی شارەکان‌دا ئەم شوورایانە رووبەرووی خەلکی کراونەوەو بەم شیوەیە ریژیم کانالیکی دیکەی بۆ ئاژاوە نانەوە لە نیوان خەلك‌دا کردۆتەوە.

کەواتە هەر وەك لە بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات‌دا هاتوە: "وەختی ئەوە هاتوە کە هەموو کەس لە هەموو جییەکی ئیران، هەموو جۆرە گومانیك لەبارەی باشبوون‌و گۆرانی ئەم ریژیمەوە لە خۆی دوور بخاتەوە. وەختی ئەوەیە کە هاونیشتمانان هەلبژاردن‌و سندووقەکانی هەلبژاردن بۆ کۆماری ئیسلامی‌و ژمارەیەك گوێ لە مستی ئەو ریژیمە بە جێ بیلن‌و بە بەشداربوون لە هەلبژاردن‌دا جۆریك مەشرووعییەتی بە درۆ بۆ ئەم نیزامەو سیاسەتە دژی گەلییەکانی پەیدا نەکەن."

حیزبی دیموکرات لە هەلویستیکی واقیعبینانەدا دەوری دووهەمی هەلبژاردنەکانی شوورا ئیسلامی‌یەکانی تەحریم کردو داوای لە خەلکی ولات کرد: "نەبنە ئامرازیك بۆ رەوایی‌پیدان بە دیکتاتوریی ویلایەتی فەقیهی." ئەم هەلویستەی حیزبی دیموکرات بە باوەری زۆر لە چاوەدیرانی سیاسی‌و شارەزایان لە فەزای سیاسیی ئیران زۆر دروست‌و مەنتەقیی‌یە. تەنانەت بە ئیعترافی بەرپرسانی ریژیم رادەی خۆپالاوتن ٣٥٪ لە چاو دەورەی پیشوو کەمی کردوەو بەگشتی پیشوازیی خەلك لەم بەناو هەلبژاردنەدا لە ئاستیکی زۆر نزم دایە. گۆمانی تێ‌دا نیە کە هەلبژاردنی شوورا ئیسلامی‌یەکانی ریژیم لە کوردستان‌دا بە سەرنجدان بە تەحریمی لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە لەگەلْ شکستیکی بەرچاو رووبەروو دەبێ‌و ئەو چاوەروانی‌یەش لە خەلکی کوردستان دەکرێ کە وەلامی "نا" بە قۆلە جۆراوجۆرەکانی ریژیم بدەنەوە.

لە بیرمان نەچێ خۆپالاوتن‌و بەرپرسایەتی! وەرگرتن لە وەها ریژیمیك‌دا نە تەنیا گرنگ نیە، بەلکوو لە بنەرەت‌دا پشت کردن لە داخوازەکانی خەلکی کوردە. هەر بۆیە ئەو کەسانەی کە تەپلی هەلبژاردن لە کوردستان‌دا لێ دەدەن، جگە لە خۆش خزمەتی بە ریژیم‌و پشت کردن لە ئیرادەی خەلکی شتیکی دیکەیان بە نسیب نابێ. لەراستی‌دا هەولدان بۆ گەرمکردنی بازاری هەلبژاردن لە کوردستان‌دا، هەولدانە بۆ مەشرووعییەتی درۆیین وەرگرتن بۆ ریژیمیك کە ٢٤ سالی رەبەقە لە هەولی سەرکوتی خەلکی کوردستان دایە.

### رادیۆ دەنگی کوردستانی ئیران هەموو رۆژێ

**بەیانیان سەعات ٦/٥ تا ٨/٥**

**ئیواران سەعات ٦ تا ٨**

**بەکاتی تاران**

**لەسەر شەپۆلی کورتی ٧٥ میتر (فریکانسی ٣٩٨٥ کیلۆهیرتز) بە دوو زمانی کوردی‌و فارسی بەرنامە بلاو دەکاتەوە.**

**بەرنامەی کوردی سەعاتی ١٢/٥ی پاش نیوەرۆ بەکاتی تاران لەسەر شەپۆلی کورتی ٤١ میتر بەرامبەر بە ٧٢٥٠ کیلۆهیرتز دووپات دەبیتەوە.**

**ژمارە تەلەفون‌و فاکس بۆ پیوەندی‌گرتن بە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئیران**

**تەلەفون: ٨٧١٧٦٢٢٨-٧٣-٠٠ فاکس: ٨٧١٧٦٢٢٨-٧٤-٠٠**

**لە دەرەوەی ولات یارمەتی‌یە مالی‌یەکانی خۆتان بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران بدەن بەم حیسابە بانکی‌یە:**

C.C.P PARIS 68040
M020
FRANCE

**فیشە بانکی‌یەکەشی بۆ ئەم ئادرەسە پۆست بکەن:**

A.F.K.B.P.102 75623
PARIS CEDEX 13
FRANCE

# بۆ هاوکاریی زیاتری هیزە دیمۆکرات‌و پیشکەوتووەکانی ئیران تێ‌بکۆشین

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 357  20 Jan 2003



بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب، بڕواننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr


## بە بۆنەی کۆچی دوایی

# هونەرمەند عەزیز سەلیمەوە



ڕۆژی ٢٠٠٣/١/٥، دڵی گەورەی هونەرمەندی ناسراو عەزیز سەلیم لە لیدان وەستاو ئەو وینەکیشە گەورەیە بە یەکجاری ماڵاوایی لە دنیای هونەرو هونەردۆستان کرد.

عەزیز سەلیم کە بە هونەرەکەی و لە ریگای تابلۆکانیەوە، لە زۆر شوین‌و وڵاتی ئەم جیهانە نوینەرایەتیی جوانی‌یەکانی کوردستان‌و سروشت‌و تایبەتمەندی‌یە بەرزەکانی گەلی کوردو ژیانە پر کارەساتەکەی ئەو گەلەی کردوە، چەند سالیك بوو وەك پەنابەر لە فینلاند دەژیا. هاوینی سالی ٢٠٠٢ کە لەبەر پیری‌و نەخۆشی هەستی بە نزیکبوونەوەی مردن دەکرد، وەك وەفاو ئەمەگناسی بەرامبەر بە خاك‌و گەلیك کە دەیان سالٌ بوو بۆ ئەو ببوون بە سەرچاوەی ژیان‌و خۆشەویستی‌و بەهرەو داهینان‌و، لەراستی‌دا بە تەواوی ببوون بە هی‌یەکتر، هاتەوە کوردستان. هاتەوە نیو ئەو خەلکەی کە وەك گلینەی چاویان خۆشیان دەویست‌و ریزیان دەگرت. هاتەوە تا لیرەوە دواسەفەری خۆی بۆ دیاری نەمری‌و ئەبەدەییەت بکا.

عەزیز سەلیم خۆی وای ویست، خەلکیش هەر وایان ناسی کە لە ئاوایی‌یەکی نزیك قەلادزیٚ لەدایك بووەو. . .بەلام ئەوانەی لە کۆنەوەو لە نزیکەوە، لەگەلٌ ئەو هونەرمەندە نەمرە تیکەلٌ بوون، لەسەر ژیان‌و خەباتی پر کارەساتی ئەو نەمرە شتی زۆرتریان پییە کە هیوادارین لە داهاتوودا پەردە لەسەر پانۆرامای ژیانی وی هەلٌدەنەوە.

عەزیز سەلیم خزمەتی گەورەی بە هونەری کوردو لە ریگای هونەرەکەیەوە بە کوردستان‌و گەلی کورد کرد. هەربۆیەش هەوەك هەموو هونەرمەندانی گەورەی ئەو میللەتە، جیگای شانازی‌یەو ناوی لەنیو خەلکی کوردستاندا بە نەمری‌و یادی بە زیندوویی دەمینیتەوە.

بۆ مەرگی بەداخین‌و بەو بۆنەیەوە لەگەلٌ بنەمالەکەی‌و کەس‌و کاری‌و لەگەلٌ تیکرای ئەوانەی عەزیز سەلیمیان خۆش دەویست‌و عەزیز سەلیم خۆشی دەویستن، هاودەردی دەکەین.

# بلاوبوونەوەی سیزدەهەمین ژمارەی "لاوان"



ژمارە ١٣ی گۆڤاری وەرزیی "لاوان" ئۆرگانی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئیران، تایبەتی مانگی سەرماوەزی ١٣٨١ لە چاپیکی جوان‌و بەرگیکی تەواو رەنگی‌دا بلاو بۆوە.

لە ژمارەی تازەی "لاوان"دا کۆمەلیك بابەتی جۆراوجۆر سەرنج رادەکیشن. یەکەم بابەت، وتوویژیکە کە ئەم گۆڤارە لەگەلٌ سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکرات هاوریی تیکۆشەر عەبدوللا حەسەن‌زادە پیکی هیناوە. لەو وتوویژەدا کاروتیکۆشانی لاوانی دیموکرات لە دەرەوەی ولات، روانینی حیزبی دیموکرات‌و سکرتیری گشتیی حیزب لە بارەی یەکیەتیی لاوان، پیوەندیی نیوان ریکخراوە سینفی‌یەکان‌و دەولەتان، رووداوەکانی ئەم دوایانەی زانستگەکانی ئیران‌و گیروگرفتەکانی لاوان لە ریژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا خراونەتە بەرباس.

"بۆ پیشوازی لە دووهەمین کونگرەی لاوان"، مانگرتن‌و خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایانەی زانستگەکانی ئیران، وردبوونەوەیەك لە هەوالٌ‌و رووداوەکانی پاییزی ئەمسالی ئیران، ژیان‌و خەبات لە ناوچەی پاوە، رامانیك لەبارەی تیئۆری‌و کردەوەی دەولەتی دیموکراتیك‌داو شۆرشی فەرانسەو رووخانی باستیل، چەند راپۆرتە هەوالٌ لەبارەی کارو تیکۆشانی یەکیەتیی لاوان، دەستپیکی شیعری نوی‌و رامانیك، چەند بابەتی ئەدەبی‌و هونەری‌و وەرزشی، نیوەرۆکی ئەم ژمارەیەی "لاوان" پیك دینن.

بۆ "لاوان" بەردەوامی‌و بۆ یەکیەتیی لاوان سەرکەوتن‌و بەرەوپیشچوونی زیاتر بە ئاوات دەخوازین.

# لە ماوەی ئەم دوو سالەی دوایی‌دا ٩٠ گۆڤارو رۆژنامە لە ئیراندا راگیراون

"ئەنجومەنی بەرگری لە ئازادیی چاپەمەنی" شەوی شەممە ٢١ی بەفرانبار بە دوای دەستپیکرانی هیرشی تەبلیغاتی بۆ سەر رۆژنامەی "حیات نو" کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بە بەشداریی هەموو ئەندامان‌و سەرۆکی ئەو ئەنجومەنە پیك هینا کە ٣ سەعاتی خایاند.

"ماشاءالله شمس‌الواعظین" وتەبیژی ئەو ئەنجومەنە کە بۆ خۆی سەرنووسەری چەند رۆژنامەی وەستینراو بووەو لەسەر کاری رۆژنامەنووسی تووشی زیندان‌و گیرەو کیشەیەکی زۆر بووە، لە وتوویژیکدا گوتی: "لە بەرەبەری هەموو هەلبژاردنەکاندا یەکەمین ململانی‌و رقەبەرایەتی‌یەکانی گرووپە سیاسی‌یەکان لە چاپەمەنی‌دا خۆ دەنوینن‌و لە ئاکامدا چاپەمەنی دەبنە قوربانیی ئەو ململانی‌یانە."

وتەبیژی ئەنجومەنی ناوبراو گوتی: "ئەم ئەنجومەنە وەستینرانی نزیکەی ٩٠ گۆڤارو رۆژنامە لە ماوەی دوو سالی رابردوودا وەك نیشانەیەك لە پاشەکشەی رەوتی مافی مرۆڤ‌و مافی ئازادیی بلاوکردنەوەی چاپەمەنی سەیر دەکا." ئەندامانی ئەنجومەنی بەرگری لە ئازادیی چاپەمەنی لەو کۆبوونەوەیەدا، نیگەرانیی خۆیان لە دەستپیکردنی هیرشی دووهەم بۆ سەر چاپەمەنیی ولات‌و ئاکامە ویرانکەرەکانی بە تایبەتی بیکاریی سەدان رۆژنامەنووسی دیکە، دەردەبری.

ئەو ئەنجومەنە بریاری راگرتنی دوو رۆژنامەی ناوبراوی کە بە پشت بەستن بە ماددەی ١٢و ١٣ی قانوونیکی پەسندکراوی سالی ١٣٣٩ دراوە، بە ناقانوونی زانی، هەروەها هاتنەوە مەیدانی دادگای تایبەتی ئاخوندەکان بۆ رووبەروو بوونەوە لەگەلٌ رۆژنامەکانیشی بە ناقانوونی دانا.

پیویستە بگوتری رەجەبعەلی مەزرووعی نوینەری خەلکی ئیسفەهان لە مەجلیس‌و سەرۆکی ئەنجومەنی سینفیی رۆژنامەنووسانیش داخرانی ئەو دوو رۆژنامەیەی بە کاریکی سەرسور هینەرو چاوەروان نەکراو لە قەلەم دا. مەزرووعی گوتی: ئەو رۆژنامانەی لەو دوو سالەدا داخراون، هەموویان ریفورمخواز بوون، بەلام ئەو رۆژنامانەی هەر چەشنە درۆو چاوو راویك بلاو دەکەنەوە، ئەمنییەتیکی ئاسنینیان هەیە. بەرەی موشارەکەتیش لە بەیاننامەیەکدا هۆیەکانی داخرانی ئەو رۆژنامانەی بردەوە سەر لایەحەکانی سەرکۆمار کە دراون بە مەجلیس‌و رای‌گەیاند هەتا چارەنووسی ئەو دوو لایەحەیە روون دەبیتەوە، بەردەوام شاهیدی رووداوو قەیران خولقاندنی لەم چەشنە دەبین.




## مرواریی دەریای وشە

✍ بەداخەوە هیچ شتێک بە قەرا شەڕ، سووچ‌و قوژبنە تاریکەکانی دەروونی ئێمە ڕوون ناکاتەوە. شەڕ تاقیکردنەوەیەکی ترسێنەرە. شەڕ هەموو تایبەتمەندی‌یە شاراوەکانی مرۆڤ دەخاتە ڕوو. هەرکات دێوەزمەی مردن دێتە مەیدان هیچ کس بەهەر ڕادەیەکیش خۆی لە خوا بە نزیک بزانێ ناتوانێ کەم‌و کووڕی‌و خاڵە لاوازەکانی خۆی بشارێتەوە. لە شەڕ دایە کە ڕاستەقینەترین ڕاستی‌یەکانی هەر کەس دەبینرێن. لەو ئاوێنەیەدا هەر کەس خۆی دەبینێتەوە. لە شەڕدا زرێی رووح‌و گیان درزی تێ‌دەکەوێ، هێندێک ترس‌و بوودەڵەیی‌و نامەردیی خۆیان کە لەمێژ ساڵ بوو شاردبوویانەوە دەر دەخەن، هێندێکیش نەترسی،جوامێری‌و پیاوەتیی خۆیان دەنوێنن. لە وشکە ساڵە پڕ مەترسی‌یەکانیش‌دا ئەو تاقیکردنەوەیەی مرۆڤ ڕوو دەدا. لەشەڕدا ئەوین دەتوێتەوە، دۆستایەتی دەمرێ، دین‌و ئایین بڕشتیان نامێنێ، ئەو هێزە وێرانکەرو سەر شێتانەی کە لە نەدیوی‌دا چەرخەکانی شەڕ دەبزوێنن بۆ تێکدان‌و وێرانی وەخۆ دەکەون.

ئۆریانا فالاچی، ڕۆژنامەنووسی ئیتالیایی

# "ئەو گولانەی لە دۆزەخ دا دەروێن"

**بەر لە ماڵاوایی**

ع. وریا

### پێشکێشە بە سوعاد

لە دوورەوە هەست بە غەریبی، بێ‌بەشی‌و ئاوارەیی‌یان دەکەی. لەم چۆلگەو سەحرایەدا ئاوەدانی‌یەك دەبینی بە ڕووبەرو بەرینایی‌و ژمارەی مالانی چی وای لە شارێك کەمتر نیە، بەلام بە روخسارو روالەتی‌داو بە کۆلانی نارێك‌و پێك‌و سیمای هەژارانەی خانووەکاندا، دەزانی ئێرە دەبێ ئۆردووگای کوردە پەنابەرە ئێرانی‌یەکانی "الطاش" بێ.

هێشتا دانەبەزیوی‌و "سەرت نەکردوە بە مالانی بن‌میچ نەوی‌دا"(١)؛ هێشتا پێت دانەناوەتە سەر خاکی کۆلانی هەژارانەیان‌و لەگەلٌ پێشوازیی گەرم وگوڕی ئاپۆرای ئەو خەلکە تا سەر ئێسقان سادەیی‌و ڕێزو خۆشەویستی‌یەدا، بەرەوڕوو نەبووی کە "گۆڕستانی غەریبان"ی ئەو ئاوەدانی‌یە گەورەیە، سەرنجت ڕادەکێشێ.

ئێرە ئۆردووگای کوردە پەنابەرە ئێرانی‌یەکان لە رۆمادی‌یەیە. ئەمەش گۆڕستان یا یەکێك لە گۆرستانەکانی ئەو ئۆردووگایەیە. بەخۆت نیە کە لە قوولایی ئەم سەحراو بیابانەدا ئەو کۆمەلە خەلکە بێ‌ئەنواو دوور خراوەیە دەبینی؛ کە بە چوار دەوری خۆت‌دا دەڕوانی‌و تا چاو هەتەر دەکا جگە لە بیابان‌و تۆزو خۆلٌ‌و دڕك‌و دالٌ‌و تراویلکە، هیچی دیکە بەدی ناکەی؛ کە تۆماری سەربردەی ئەو هەزاران مرۆڤە لە ماوەی ٢٣ سالی ڕابردوودا، لە مێشکی خۆت‌دا هەلٌدەوێژنی‌و دەیخوێنیەوە؛ کە بالندەی ڕوانینت لەسەر کێلە کورتە بالاکانی ئەم گۆڕستانە هەلٌدەنیشێ؛ دلت دەگیرێ. دلت لە دەردو کولٌ لێوریژ دەبێ بۆ ئەو پیرە پیاوو پیرێژنانەی قەدەر وای کرد دوایین سالانی تەمەنیان لەجیاتی لەسەر خاك‌و خۆلی خۆیان‌و لەنێو هۆبەو هەوارو مەزراو دێبەرو مووچەی باسەفای زێدو ژینگەی خۆیان لە بناری دالاهۆو لە ناوچەکانی سەلاس‌و باوەجانی، لەدەم چەمی ڕێژاوو لە نزیك زیارەتگەی بابا یادگاردا بەرنە سەر، لێرە لەبەر ئەم سوورەتاوە، لەنێو ئەم تۆزو خۆلەدا لە ژیانێکی کولە مەرگی‌و پڕ چەرمەسەری‌دا تێپەڕ بکەن‌و ئاوات‌و خۆزیای شاد بوونەوە بە نیشتمان بەرنە ژێر ئەم خاکی غەریبی‌یە.

هەرکام لەوانەی زیاتر لە ٢٠ سالٌ لە تەمەنی خۆیان لەم ئۆردووگایەدا بردۆتە سەر، بەشی رۆمانێکی دە بەرگی ڕووداو و بەسەرهات‌و کارەساتیان دیوە؛ بەسەرهاتی ئەوانەی لەبەر ناهومێدی لەگەڕانەوە بۆ نیشتمان‌و تەمابڕاو بوون لە چوون بۆ ولاتێکی لەبارتر بۆ ژیان‌و پەنابەری، تووشی نەخۆشیی ڕەوانی بوون‌و سەری خۆیان هەلٌگرت‌و ڕوویان کردە چۆلٌ‌و سەحرا؛ داستانی ئەوانەی بەدوای سەپانی گەمارۆی ئابووری بەسەر عێراقدا بۆ پەیدا کردنی بژیوی مالٌ‌و مندالیان ڕوویان کردە کوتالفرۆشی‌و چەرچێتی‌و، بە نهێنی لەو "جزیرە"یەوە(٢) بۆ "جزیرە"یەکی دیکە چوون‌و هەر نەگەڕانەوەو. . .

لێرە هەر توێژێك‌و تەنانەت هەر کەسێك سەربردەیەکی هەیە، سەربردەیەك کە ئەگەر زۆر بە جەرگ‌و دلٌ ڕەق نەبی، ناتوانی بەهاسانی گوێی لیٚ بگری. ئەگەر تاوێك لە ژیانی ئەو مندالانە ڕامێنی کە جگە لە شێعرەکەی "منالانی نێو قوولکەکان"ی ئەحمەدی شاملوو، هیچ شتێکی دیکە بۆ وەسفی ژیانیان بە مێشکت دانایە؛ ئەگەر لە ژینی ئەو کچانە ورد بییەوە کە جەستەی لاوازو ڕەنگی زەردو ئاهی سەردیان بە زمانی بێ‌زمانی وەزعی ئەوانت لەو کۆمەلگایەدا بۆ دەدرکێنیٚ؛ ئەگەر بزانی سالٌ نیە لە ئاکامی دەست وێکدانی پاش ماوەی بیرو باوەڕی دواکەوتووانەو ڕێوشوێنی ڕزیوی کۆمەلایەتی و فشاری ئابووری‌و رووحی‌دا چەندین کچ‌و ژن خۆ نەسووتێنن یا هەولی خۆکوشتن نەدەن، بەخۆت نیە وەك من دەکەویەوە یادی ئەو ناوەی ڕۆژنامەنووسی کۆچکردووی ئێرانی "محمد مسعود" بۆ کتێبەکەی خۆی هەلی بژاردبوو: "ئەو گولانەی لە دۆزەخدا دەڕوێن"!

لەگەلٌ ئەو هەمووە سەختی‌و تالی‌یەش‌دا کە دەبینی کوڕان‌و کچانی دێمۆکرات بەوەڕێ‌خستنی کۆمەلێك چالاکیی فەرهەنگی، هونەری‌و کۆمەلایەتی هەر لە دەرس گوتن‌و خوێندەوار کردنەوە بگرە تا پێکهێنانی کۆڕو کۆبوونەوەی سیاسی، پێشبڕکێی هونەری‌و وەرزشی، دەرکردنی گۆڤارو بلاوکراوەی دیواری، کلاسی دەرمانی‌و. . .، سیمای ئەو ئۆردووگایەیان گۆڕیوەو هێندێك لەوان قۆلیان لە چیرۆکنووسی هەلٌمالیوە تا گۆشەیەك لە ژانی ژیان لەو دۆزەخەدا بنووسنەوە، پشوویەکت دێتەوە بەرو لەوان فێر دەبی کە نابێ هیچ کات ناهومێدو دەستەوەستان بی.

(١) دێڕێکە لە شێعرێکی مامۆستا شێرکۆ بێکەس.

(٢) "جزیرە"بەو دێ یا گوندانە دەگوترێ کە لەوناوچە بیابانی‌یەدا هەلٌکەوتوون.